# ژیلەمۆ
# JILEMO

## کۆڤارێکی پاژێی هونەرییە

**ژمارە(٧) سالّی دووەم بەهاری١٩٩٩**


سەروتار ل٣

چیرۆك سەمای مەرگ ل٣

چاوپیکەوتن لەگەڵ موزیك ژەنی
خیابانی Klaus der Geiger ل١٩

هۆنراوە و پەخشان ل٢٥
سروودی ئەنتەرناسیونال
ئەنفال
شاری پرسیار
هەلەبجە
کۆمۆن
انهضوا ایها السادة
الثورة الکبری
داستان
لە بەهاریش درك ئەروێ
بیرەوەرییەکانی رۆژانی جووداییی
رۆژی کۆمۆنەی پاریس و مەرگی مارکس
شەقامە یاخییەکان
یەکەم هەناسەی تاساو دوا ئەشکی قەتیسماو
داوەری گورگان

وتار هونەرو ئەدەبیاتی مندالان ل٤٥
وتار چارلی چاپلن ل٤٧
وتار بیرتۆلد بریخت ل٤٩
وتار تفەنگەکانی کارڕخان ل٥٢

گاڵتە و گەپ ل٥٤

سەرگەرمی خشتەك ل٥٦

تایپ و دەرەینانی
ئۆزین ئەحمەد



ناونیشانی پۆستی: JILEMO
Postfach 912215
51093 KOELN
GERMANY

پۆستی ئەلەکترۆنی:
jilemo@hotmail.com
ئینتیرنیت:
http://www.jilemo.cjb.net

زنجیرەی مێژوو لەبازنەی ململانێی چینایەتییەکان پێکهاتووە، هەر بازنەیەکیش چەماوەی ڕووداوەکانی ڕۆژ و کێشەکێشەکانی کۆمەڵە. لەسەردەمی نووشستی و پاشەکشێکاندا، هێڵ و ئاراستە ڕامیارییە نەیارەکان، لە دەستە پاچەییدا لەنێو بازنەیەکی بۆشدا سوڕاونەتەوەو، سەرئەنجام بوونەتە جوجمەیەک لە سیستەمی زاڵ و، لەژێر کارایی چەواشەکارییەکانیاندا، بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە شۆڕشگێڕەکانیان، تووشی نائومێدی و پاشەکشێ کردووە. بە درێژایی مێژوو، نووشستی و تێکشکانەکان وەک نووقلانەی سەروەری چەوسێنەران، نەهامەتی و کوشتاریان بەدوادا هاتووە. وەک شکست و کوشتاری سپارتاکیستەکان، کۆمۆنارەکان، ڕاپەڕینی ئەستوریا یان کارەسات و کوشتاری شەرە ناوچەیی و جیهانییەکانی وەک هیرۆشیماو ناکازاکی، گۆرنیکاو ئاوش ویتس و تریبلینکا، بوسنەو هەرزەگوین، کەمبۆج و کۆسۆڤۆ ئەو تابلۆ خویناویانەن، کە بەچرنووکی سەرمایەداران نەخشێنراون. سەروەران بەم شەڕو کوشتارەشەوە نەوەستاون و، لەڕێگەی نووسەرو هونەرمەندە دەربارەکانیانەوە، بۆ شاردنەوەی هۆی ڕاستەقینەی کارەسات و کوشتارەکان، هونەرو ئەدەبیان کردووە بە ئامرازی سواقدان و شاردنەوەی ڕوخساری دزێوی کومەڵگەی چینایەتی، بە دیوجامەو دەمامکی ئاشتی و دیموکراسی و نەتەوەو نیشتیمان .

ئەرکی هونەرو ئەدەبی شۆڕشگێر هەڵدانەوەو دڕین و پارچە پارچەکردنی ئەم دەمامک و دیوجامانەو دەرخستنی ڕوخساری ڕاستەقینەی چەوسێنەرانە.

# سەمای مـــەرگ

**ئاپـە**

دونیا کش‌و مات، هەموو جەستەیان وەك گوی‌یەکی گەورەی لی‌هاتبوو، تەپەی کەوش‌و خلیسـکانی کەوشەکانیان لەسەر درك‌و وردە زیخ، لەخەیالە خولەمیشی‌یەکان دایدەچلەکاندن‌و، لەبەر تیشکی مـانگە شەودا سیبەرە بی ئەژمارەکان دەچەمانەوەو راست دەبوونەوە، ساتیك وەستان‌و خوراگرتن لەسەر ئەژنـوو باسکەکانیان دەکردە هەلگر .

شەونمی سەر زیخی رامالراو وسەر تاویرە بەردەکان، لەژیر رووناکی مانگە شەودا دەیان‌و سەدان تـابلو بوون ، رازو بەسەرهاتەی زەحمەتکیشانی ئاوایی‌یەکەی دەدرکان. لەگەل هەر هەنگاویك لەسـبەینەیەکی نادیارو کوتایی دولەکە نزیك دەبوونەوە. چەند روشنایەی‌یەك لە دەم کەلەوە...

-: لەوە دەچی شەربیتا ئەچی چی ئیمە بوچی ئەچین، ئەی خو بو شەکراو خواردنەوە ناچین؟!

(دەنگیك لەپیشەوە) -: خوتان بە زەوی‌دا بدەن ا

(لورەی هاوەنیك) تەقینەوە، شەپول خواردنەوەی دەنگەکە، روشنایەکی تر، خوتـان بـدەن بـەزەو روشنایەکی تر چەند هەنگاویکی‌تر بەرەو دەم کەل. کومەلیك چەکدار لەوسـەرەوە بـەرەو خـوار دەبوونەوە، چەند دارە مەیتیان لەکول گرتبوو، کەس ناپرسی کین‌و چی‌بووە، تەپە تەپـی پوسـتالەکانیان دەری دەخات کین.

-: ئاخ وابزانم ئەم جارەیان دەمە قوربان، نەدەبوو روژی خوپیشاندانەکە بکوژرایەم ؟ ئـای هـەورامان، خوزگە بەگوی‌ی توم بکردایە، بچوینایەوە ناو (...)وە، خو بەشداری ئەم شەرە نـەدەبووین ! چـەند روشنایی‌و تەقینەوەیەك (دەنگیك لەدواوە)

-: بیگەیینە بابوەستن ا بیگەیینە بابوەستن ..

-: ئای دەم خوش، خو هیندە لاقەکانم بەدوای خومدا راکیش کرد، پشتم شکا. خشە خشی پالتو ئەمریکی‌یەکەی فەرماندە، پاریزەرەکانی پیش‌و دوای وینەی(سەروکی فەرماندە)ی دەهینایە بەرچـاو. لەپیشەوە دەنگیك (بیگەینە بابگەرینەوە بو «ریشاو»ا لەشکر دەتوت دووپشکەو بـەزیوە، ئـەم جـارە هەرکەسەو لاقەکانی دابوو بەشانی‌دا، تازوو خوی بگەینتە پشوگەیەك‌و سـەر خـەوی بشـکینی. لـەنیو کەلاوەکانی ئاوایی‌دا، تەنیا رووناکی دوو ئاگر دیار بوو، کومەلیك سیبەریان تابەر ئاوایی دریژ کردبووەوە،

وەك سەمایەكی دەرویشانە دەهاتن‌و دەچوون.

-: تو بلی‌ی دەسال لەمەوبەر سەگەكانی ئاوایی بو كوی چووبن ؟ (ناو دی كش‌و مات تەنیا قرچە قرچـــی ئاگرەكە نەبیت كەدەتووت، ئەو كاتەیە كەئاگر بەردرایە ئاوایی ا

هەر چون بوو ئەویش خوی گەیاندە تەنیشت ئاگرەكە، چەكەكەی لەباوەشی‌دا داناو، بەچیلكـــە داریـــك كەوتە هەلخرانی ئاگرەكەو جار جارەش رایدەژەنینە خولەمیشەكەو، خەیالە ئالوزەكانی نیـــگار دەكیشـــا، دەتووت لەدووی گویزوبەرووی برژاو دەگەریت. قورەی سكی لەو خەیالە بە ئاگایی هینـــاو، ســـەیریكی دەورو بەری، گشت بی‌دەنگ بوون، دەتووت لەدیار مـــەیتیك دانیشـــتوونو، لـــەدلی خویـــاندا ویـــرد دەخوینن.

لەگەل دیتنی سیبەروو رووناكی لەسەر رووخساری هەریەكەیان پرسیاریك لەهوشی دەچەقی.

-: ئاخو ئیوە چون بیر دەكەنەوە؟ لەناو دلیشتان هەر ئەوەیە كە دەیلین، یان زیندەبە چالی دەكـــەن؟ گەر وابی گەوجن. ئەزانم ئیوەش لەمەرگ دەترسن، هەركەسەتان بەهویەك، من حەزناكەم بمرم لەپیناو هیچ، ئاخ خوزگە دەمتوانی خوم بگەینمە شوینیك. ئای لەو ساتە كەچون نەمان توانی بریار بدەین، بچینە ئیران، یـلن بگەرینەوە شارو خو بەدەستەوە بدەین، یان بچینە ناو(كومەلە)ش، خـــــو ئەوانـــەیش نامانگرنـــە خـــو. پریشكیكی ئاگر دایچلەكانو، بەرە بەرە لای ئاگرەكە چول دەبوو، لەگەل كەم بوونـــەوەی هیلاكـــی‌و گەرمایی ئاگرەكە لەناو لەشیانا،

باویشكیان دەداو دەچونە لاوەو، هەلدەتروشكان.

-: خوزگە ئەم پلانە دەشكاو، ئەم جارەش نەدەبوومە سوتەمەنی. ئاخر شوین نەما، كەنارگیری تیا بكـــەم، كەوتینە پشت بەرەی شەر.

لەگەل خاموش بوونی ئاگرەكە چەند باویشكی‌داو چاوە واق وورماوەكانی لەپشت پیلوەكانی‌یـــــەوە وون دەبوون.

چاویكی گیراو لەنیوان چەند كیسە خەودا شوینیكی پەیدا كرد،

-: ئەوی باشە، پاش‌و پیشم هەوا نایگریتەوە، لەوانەیە شوینی كەسیك بووبیت‌و، بوی نەدوزرابیتەوە لـــەناو ئەو حەشاماتەدا. چەك‌و تاقمەكەی كردە سەرین‌و، لەسەرلای راست راكشا. تەقینەوەی چەند گولـــە هاوەن، دەنگ دانەوەی لە ئاوایی‌داو، شەپول خواردنەوەی لەدولەكاندا، سەمفونیایی مەرگی دەژەنی.

-: ترس داد نادات، تازە پیوە بووی، بخەوە با خەوەكەشت لەكیس نەچیت.

بەدەم خەیالەوە، لەگەل خیرایی تیپەر بوونی مانگە شەو پیلوەکانی لیك ناو، پرخەی لەگەل سـیر سـیرەی سیرسیرەکەرە تیکەل بوو.. .. .. .. .. .. ..

تیشکی خور لەسەر لووتکەی کیوەکانەوە بەرەو ناو کەلاوەکانی ئاوایی دەکشا، دەنگە دەنگی چـەند پاسدار کەکیسە خەوەکانیان لەئیسترەکان بار دەکرد، بەخەبەریان هینا. زور بە زەحمەت هەسـتایەوەو، دەستیکی بە پرچە ئالوزکاوەکەیدا هیناو ئاوریکی ئەم لاو ئەو لای خوی دایەوە. سەرمای دەمو بـەیانی وەك دەرزی دەچەقیە لەشیەوە.

-: ئای ئەمانە بو بوهەمیشە خەوتوون،وام زانی لەسەرمادا، دوی شەو وا دەمو چاوی خویان داپوشـیوە. ئاخو چ خوزگەیەك لەناختاندا زیندە بەچال بوو بیت، بینینی کەربەلا، یان ویران کردنی شارەکەی من؟ ئاخر ئیوە نە من دەناسنو، نە ئیرەشتان دیوە، بوچی ئاوا دینو لەگەل خوتان مەرگ دینـن؟ ئـای چ کارەساتیکە کاتیك کەمروق گەوج بیت. کەربەلا بەئیوە چی؟ لە ویش هەر کریچیو پاسەوان دەبن !!

فرە فری کوپتەر لە بەرزاییەوە بە ئاگایی هینا، لەم پرسیارو وەلامە.

-: هەستە وەخوکەوەو خوت حەشاردە. (هەر چون بوو خوی گەیاندە ناو کەلاوەیەك، کوپتەرەکە بـەرەو خوار بووەوە بە چەند روکیتیك دەورو بەری ئاگرەکەی کیلا)

-: وابزانم هات ئەوساتەی لیی دەترسای، بتەوی‌و نەتەوی هەردەبی بمری ا ئاخ ئەی خو ئەتوانی لەوشـاخە بداتو ملی بشکینی. بەراستی ساویلکەی ئەو بویە سواری ئەو کوپتەرە بووە تا بکوژی، ویران بکات.

دەنگیك: هەمووتان وەرنەئیرە، کوبنەوە. کومەلیك دەورو پشتی فەرماندەی لەشکریان گرتووە.

فەرماندە: ئەمەوی پیتان بلیم کەئیمە بوچی هاتووینو نیازە چی‌بکەین ؟ ئیمە دەبیت هەلەبجە بگرین، ئەمەش بە سەرپەرشتی دوستمان کوماری ئیسلامی ئیرانو سەرکردەکانمان رازی بوون لەسەر ئەم نەخشەیە، ئیمـە بریاردەرنینو تەنیا پیادەکەری پلانەکەین، ئیمە وەك هیزی پیشمەرگەی(...)ئەم قولەمان دراوەتی، تا شـان بەشانی سوپای پاسدارانو سوپای ئیران.. پارتیش هەروا لەهەوامانەوە.. حسکیش لـەقولی سـوورینەوە.. حەرەکەی ئیسلامیش لەناوچەی نەورولی‌یەوە.. هیوادارم کەس گرفت دروست نەکات، وەك ووتم: ئیمـە بەسەرپەرشتی ئیران ئەم کاردەکەین. لەگەل بەرزو نزمی دەنگی فەرماندە، ئەو سمیلی تال تال رادەکیشاو ریشی بەددان دەقرتاند، خوی دابوو بەسەر قونداغی چەکەکەی داو، لوولەی چەکەکەی چەقاندبووە سـەر پیلاوەکەی..

-: ئاخر گەر بگەرییتەوە، پیت دەلین ترسنوك. شوینی جارانیش نەما، (دەمی بردە بناگویی مەجید..

-: خو ئەبینی بەچاوی خوت چەندە شورسگیرین، خو ئیستاش نکولی لەراستی ناکەی ؟

-: مەجید بیدەنگ بە، کەی کاتی رەخنەیە ا

فەرماندە: ئیستا دەکەوینە ری، دوو دوو ری بکەنو، کەس لەخویەوە بەملاو ئەولادا نەروات، تا خومـــان ئاگادارتان نەکەینەوە. لەناو شار نابیت هەر کەس بوخویو بلاوەی لی بکات، دەبیت بەیەکەوە بین ا

(لەبەر خورەتاوی دوا روژەکانی رەشەمیدا بەرە بەرە دنیا گەرم دادەهـــات، ماســـولکەکانی نـــاو شـــان خاودەبوونەوە، خوین دەزایەوە سەرپەنجەو، لیوە تەزیوەکان گەرم دادهاتنو هەلمی هەناســـەیان وردە وردە دیار نەدەما.

دوو دوو بەقەد پالەکاندا بەرەو ناو دولەکە خوار دەبوونەوە، تیشکی خور لـــەدلوپـــە شـــەونمی ســـەر تاویرەکاندا، دەتووت شکانەوەی ئالی گونای کیژولەیەکی میرد منالە لە کانیاویکدا. جـــار جـــارە ئـــەو مارمیلکانەی کەخویان دابووە بەر خورەتاو، بەدەنگی هیلی کوپتەرەکان دەحەپەسانو، خویان دەهاویشتە، کەلینی تاویرە بەردەکانەوە. هەندیك جار هەنگاوەکان هیندە بەنەزم بوون، لەشکرەکە تەنیا لە هەزار پییەك دەچوو. کە گەیشتنە جادە خولەکەی سازان لەپیچاو پیچی دولەکەدا هەندی جـــار لـــە تـــەپو تـــوزی تویوتاکانی سوپادا لەبەر چاو وون دەبوون. کاتیك کەمروق فریو دەخوات، ئیتر چەپو راســـتی خـــوی ناناسی. ئەوانەی بروایەکی پتەویان بەم کارە هەبوو، دوولاقیکەیان قەرز دەکرد، بەلام ئەولاقەکانی بـــوو بوونە کولیکی قورس، سەرباری چەکو تەقەمەنییەکەی، بەدوای خـــویدا رای دەکیشـــان. لەهـــەورازو نشیویدا، دەبوونە باریکی گران بەکولییەوە. یەك دوو کاتژمیر ریکردنو خـــودان بـــە زەویدا، لـــەگەل دەرکەوتنی کوپتەرەکانو لورەی گولە توپە دوور هاویژەکان، برسییەتیش زوری بو هینـــابوو. خـــەیالی رابووردوو هوشی داگیر کردبوو...

-: تەنیا یەك ووشە بەس بوو، بو ئەوەی لەگەل کاوەو ئەواندا بگەریمەوە شارو، نەکەومە ئەم زەلکـــاوەوە. ئیستا بە چ روویەك بیانبینمەوە، چون سەیری ئەو کەسانە بکەم، کە پیم دەووتن چون دەبیت پیشـــمەرگە پیش پاسدار بکەویت ؟

بەلام ئایندە لیلو ناروشن، قەد نەدەهاتە بەر چاوی دەت ووت، رەورەوەی میژوو دەوەســـتی. دەنـــگی ناهەمواری کوپتەرەکان، سیمایی درندانەیان هەر دەت ووت، فریشتەی گیان کیشن، خویان خوارکـــردەوە پولە بالداریکیان بەرداوە، دریژایی دولەکەی کیلا..

دەنگیك: ئەوە(عونقود)ە (لەدلی خویدا)

-: ئەوە سندانە، چەندە خوشحاڵە بەموەزعە ا گرمەی سەیارەیەك.. کەگەیشتە تەنیشتی ئەو، نـــایلونیکی دەمبەستراوی هەڵدا.

-: ئاە ئەی خواردنەوە؟ پەلاماری داپی..

-: سەیرە چەند مروق دوستن ا ناوکەکولەکە، کشمش، بادام، فستق، پسکویتو، بارینی بومبای عونقود اا

لەدەم «کەلی بلی» هەنگاوەکانی قورسترو،لاقەکانی بە روخی زەوی‌دا دەچوون، کاتێك کە پشـــــووی دەدا، بچکولەو هیلاك دەتووت بنەدارەو سەوز بووە. هەموو شتێ رەنگی نامویی پیوە دیار بـــوو، ســەر ئاوەکەی چاوگ، دەت ووت هەزاران ساڵە رانە مەر بەویدا گوزەری نەکردووە، خولە پوتــــەی دەوری کانی دەت ووت بەدەم رەشەبای بیابانەوە بیژراوە. بەحەسرەتەوە خوی گەیاندە ئاوەکەو، دەمی نایە دەمـــی کانی‌یەکەوە، دەت ووت دلداریکی یار نەدیتووە، تاسەی دووری دەشکێنێ.

-: پیش ئەوەی گیان لەدەست بدەم، با تینوویەتیم لەتو بشکێ. بەقنگە چاو سەرنجی لیوار گومەکەی‌دا..

-: ئاە... ئەو روژانە چەندە خوش بوون، لیرەدا خومان مەست دەکردو، ئیوارە بەرەو شار دەکشـــاینەوە. زنجیری بیرەوەریەکانی هەڵکرایەوە سەرەتا..

-: یەکەم جار کەلیرە مەست بووین، بەدەم گاڵتە کردنەوە بەسەروکی فەرماندە، بەرەو شار چووینەوە. (دەنگیکی گر زنجیری بیرەوەری‌یەکانی لیك پچراند، چون شوانەیەك مەرەکانی ئاو بداتو بیانداتە بەرخوی بەشول، ئاوا رووی تیکردنو ووتی)

-: بەرەو باموك هەڵگەرینەوە، کەس لەخویەوە نەروا بەم لاو بەولادا..ا

خورەتاوی پاش نیوەرو، چاو شارکی بوو لەگەل نیوەی ئاوایی، پیرەمیردو مبداڵان لـــەپـــەنا دیوارانـــدا دانیشتبوون، پیرەکان باسیان لەرابووردوو دەکردو، دەستیان بەسمیلەکانیاندا دەهیناو، ئاخو ئەفسوسیان بـــو روژانی جوانی هەڵدەکیشا.. پیش کوماری کەچون سوار چاك بوونو، کاروانیان دەکردو، بی تـــرس بـــو گەرمیانو کویستان دەچوون. منداڵانیش بەدەم پیکەنینو خوهەڵکیشانەوە، باسیان لەوە دەکرد، لە فـــیرگە چەند وریانو خەونیان بە سبەینی‌وە دەبینی. سەرەتای لەشکر گەیشتبووە ناو ئاوایی. لەپیچاو پیچــــی کولانەکاندا دەتووت، رەش مارەو ژار لەبن دانی‌دا کو دەکاتەوە، وەها بە خیرایی بە سەنیرگەکـــەی نـــاو ئاوایی‌دا تیپەر دەبوون.

منالان لە حەژمەتا چاویان ئەبلەق، ژنان لەدرزی دەرگاوە حەپەساو دەیانروانی‌یە روخساری ریشنو چلکنی

ژێر جەمەدانی‌یە رەش‌و سپی‌یەکان. پێش ئەوەی لە ئاوایی دەرچن، پیرەژنیکی رەش پوش بەدەم گریانـــەوە رووەو لەشکرەکە..

-: رۆلەکانم ئیمە چیمان بەسەردیت ؟

کەس وەڵامی نەدایەوە.

هەنگاوەکانی ئەو هیندە کورت بوون، لە هاوەڵەکانی بەجی دەما، سەیریکی پیرە ژنەکەی کـــرد، پـــیرە ژنەکە ئەوی نەدەناسی‌یەوە بەو ریش‌و جل‌و بەرگەوە. فرمیسك زایە چاوەکانی، قورگی پر گریان بـــوو، (لەبەر خویەوە)

-: تو بلی‌ی، هیشتا ئەم خەڵکە پاسدارەکانیان نەبینی بی ؟ توبلی، بومبارانەکانی (٨١، ٨٥، ٨٦، ٨٧)تیـلن لەبیر چووبیتەوە، کەچوون لەنیوە شەودا خەڵکی بەئاگا ئەهینا بو پارشیوو نویژی بەیانیان، بـــو پارانـــەوە لەخوا. چون دەنگی توپەکان، هوشی لەبەر منالان دەبردو، بەدلە راوکی‌وە دەچونەفیرگە، دلیان لەسەر سەد لی‌دەدا، تادەگەرانەوە مالەوە. مالی چی، کەلاوەیەك، کومەلیك گوشت‌و ئیسقانو گومیك خوین. دایك‌و باوکیان دەبووە وەڵامی ئەو پرسیارانەی کەدەنگی توپەکان دروستی دەکرد لە هوشیاندا. هەر چون بـــوو راکیش راکیش خوی گەیاندە شار هەر کەسەو بەلایەکدا دەچوو، هەندی لە مولگەکاندا چەکیان دەهیناو هەندی پەروەندەکانی ئاسایش‌و هەوالگری‌یان دەسووتاند، هەندیکیش چاوەری‌ی دەســـتوری لایەنـــەکان بوون، هەر کومەلیك‌و بەرەو لای لایەنیك کە لایەنگری لی‌دەکرد دەچوو، بەلام زوربەی خەلك رژیمـــی بەعسیان دەناسی‌و دلنیاش بوون، کە بوونەتە سوتەمەنی شەری عیراق–ئیرانو، بەشیکن لە گیراوەکانی شـەر لەلای هەردوولا. ئیستا ئیتر بنکەی هەوالگری‌و ریکخراوی حزب‌و ئاسایش، خەلك بی سلمینەوە لی‌یـــان نزیك دەبوونەوە.

لەشکرەکە وەك زەردەواڵە پورەیان دابوو لەبنکەی هەولگری.

فەرماندەی لەشکر رووڵە پیشمەرگەکان:

-: بیجگە لەهیزی پیشمەرگە کەس بوی‌نی‌یە چەك هەلگری‌و، دەبیت خەلکەکە چەك بکەن‌و، بیدەنەوە دەست شورش.

لە چاو تروکانیکدا پیشمەرگەکان کەوتنە، گیرانی رولی « سوارەکانی سەلاحەدین »و بەربوونـــە گیـــانی خەلك .

-: وەرە کاکە، وەرە ئەو چەکانە بو کوی دەبەی ؟ ئەوانە چەکی شورشن !

-: کاکە هی خومن، خوم گرتوومن ..(دەستریژی) هەرکەسەو بەلایەکدا، کومەلیك بەدەستریژ بـــەرەو ناوەندی شار ئەویش بەخەجالەتەوە لەدوایانەوە چەکەکەی روو لە خـــوار کردبـــووە شـــانی هیـــلاك دەتووت، بو بیگاری دەبەن، ووروکاس، لەبەرامبەر خزمو ناسراودا شەرمی دەکرد. ئاخر پی وانـــەبوو، روژیکیوا بیتە پیش، بببتە بەر لەشکری ئیمامەکان. دوای سەد میتریك دەستریژیکی لی کرا، ئـلوری داوە، سەروتەنەی سەربازیك دیار بوو..

-: ئاە کەست پەیدا نەکرد، من نەبی، هەی بەدبەخت، ئیستا ئیتر جیاوازی منو تو نییە. ملـــی ریـــگای گرتەوە بەرەو خوار، بەلای راستدا بای دایەوە

-: ئای لەو روژەی کەتییدا بەهەلە داچووم، ئالیرە دابوو، کە بەفیشەکی دوشـــکای زرپیـــوش مـــەریوان کوژرا، ئای لەو روژە شومە، هەلچوینو شارمان گرتە دەست، سەربازەکانمان کیشایە ریزی خومان، بەلام بی ئەزموون. کیکردیو کیخواردی !! ئیمە بووینە قوربانیو، مەلاکان بردیانـــەوە. کـــاتیك ئیمـــە بـــە تەرمەکەی مەریوانەوە مزگەوتەو مزگەوت بانگەوازی جەماوەرمان دەکرد، بو راپەرین، مەلاکان پاســەوانی تایبەتیان هەبوو، لە جاشو.. بەردەم بانکەکەکە خەلکیکی زور کومەلەیان کردبوو، نیـــوە چـــاوەری‌ی وەرگرتنەوەی پارەکانیان لەبانك دەکردو، نیوەکەی تریـــش دەلـــین چیبکـــەین، بـــەعس ئـــەم شـــارە ویراندەکات. ژنیکی قەیرە روو لە فەرماندەی پیشمەرگەکان « شەوکەت مشیر »

-: کاکە گیان ا بەخوا مانگانە پاشەکەوتم کردووە، هەتیو بارم، بەلکو پارەکەی من بدەنەوە، بە قوربانتـلن بم.. (پەلاماری پیلاوی فەرماندە دەدات ماچی دەکات.

فەرماندە: درو دەکەن، کاتیك کە داوای یارمەتیمان دەکرد، گشت دەپارانەوەو دەتان ووت هیچمـــــان نییە، کەچی ئیستا بیوەژنەکان پارەیان لەبانکداهەیە.

پیرەمیردیك: کاکی مەسئول، باشە گەر حکومەت بومبارانی کردوو هیرشی هینا ئیمەچی بکەین.

فەرماندە: دەك زیررە بکەن، مەگەر هیزی پیشمەرگە بەچی دەزانن؟ تازە حکومەت ناتوانی هیرش بکات. ئستا برونو بلاوەی لی بکەن با کارەکەمان ئەنجام بدەین، دواتر هەرکەسە پارەی هەبیت، حیسابی لـــەگەل دەکەین.

چەند پەلە هەوریکی مات، لەخورئاوابووندا سوور سوور هـــەلگەرابوون، دەتـــووت تـــابلوی ســـبەینی دەکیشن، لەگەل رەش هەلگەرانی پەلە هەورەکان، شەو چارە شیووی رەشی کیشا بەسەر شاردا. هیشـــتا پیشمەرگەکانی فەرماندە خەریکی لە گونیە کردنی پارەکانی بانك بوون. فەرماندە: کورینە خیراکەن،

دەبیت زورترین دەسکەوت بوئیمە بیت. ئیران خوی بەلینی بەئیمە داوە کە .(روو لە چەکداری)

-: بەهەمووان بلی، با لەلای مزگەوتی کوکویان کوببنەوە.

لەدوورەوە دەنگی دەستریژو ئارپیجی دەهات، جارجارەش دەنگی توپیك، دلی شاری دادەخورپان.

پاسدار وەك پولە شەم شەمە کویرە شاریان تەی دەکرد، قارەمانانی گەلو نیشتیمان، فەرماندەو پیاو ماقولان، دەستە دەستە لەمالی خوا پیداوەکاندا کوبووبوونەوە. مزگەوتەکان پر بوون لە چەکداری بزووتنەوە، دەستە دەستە موسلمان دەهاتنە خزمەت مەلاعەلی..

-: قوربان ئیمە ئامادەین، هەر چیمان پی بکریت.

مەلا علی: بەخیر بین.. بەخیر بین، ئەمە نیشانەی دلسوزیو گیان فیداییتانە بو ئایینی ئیسلامی پیروز. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە لەم شارە ئاین پەروەردا، شەریعەتی ئیسلام پیادە بکەینو گومراهان لەسەر ریمان پاك بکەینەوە. هەنگاوی یەکەممان ناوەو، براکانمان لەگەل سوپای کوماری ئیسلامی برا، ئەمرو یەکەم جیهادیان بەسەرکەوتن گەیاند. لە ئاوایی « ئیمامیزامن » لەکەنار رووبای « سیروان »، چەکدارە گومراەو مولحیدەکانی کومەلەیان لەناوبرد. دیارە لەبەیانییەوە کاری دووەم دەست پی دەکات؛ راگەیاندنی حیجاب، مەمنوع بوونی خواردنەوە، توبە پی کردنی ئەو گەنجانەی دەچونە تیاتروخانەو تەمەشایان دەکرد. دەبی ئەم شارە وەك ئەو سەردەمەی لیبکەین کە لەشکری ئیسلام داگیری کرد. لایەنەکانی تریش روژی خویان دیتو، رایان دەمالین. ئیران بەلینی داوە، کەهەموویان بخاتە ژیر چاودیری ئیمەوە. ئەمە بەرنامەی ئیمەیەو پیویستە خەلکی هان بدەن چەك هەلگرن لەریزەکانی ئیمەدا. ئیستاکە من دەروم، هەندی قسەو باسم هەیە لەگەل« ئاغای تارانی » نوینەری ئیران، دەبی عافووم بکەن، کەناتوانم زیاتر لاتانبم. بەخودای گەورەتان دەسپیرم. نەخشەو پلان دەکیشرا، تا شار ئیسلام کەن، سەوزی کەن، زەردی کەن، شینی کەن. بەردەم بنکەی ئاسایشی شار دەتووت بەردەم« قەرارگای »ی شاری « مەریوان »ە، لەجیی ملازم خالید، ئاغای دیهقانی دانیشتبوو، ئاغای تارانی خەریکی قسەکردن بوو بە«بی تەل»..

-: وەك پیم ووتی ئاغا شەوکەت، فەرمانمان پیدراوە، کە ریگە نەدەین کەس بەرەو سنوربروات، دەبیت خەلك لەناو شاردا بمینیتەوە، وەك خوت ئاگاداری لەوەو پیش. بە خەلکەکە بلی با نەترسن، ئیمە ئەندازەیەکی باش هیزی دژە ئاسمانمان هەیەو، لەبەرەکانی شەریشدا«بەعس»یەکان وورەیان بەرداوە، تا نزیکەی شاری« سەیدسادق» لەدەست خومانداية، لەولاشەوە سوپاو ئەرتەش هیرش دەکەن. لەبیرتان نەچیت بەیانی کات ژمیر (١٠)ی پیش نیوەرو لیرە کودەبینەوە، تا دەستوری تازەتان پی بدەین. شار وەك

شارە میروولەی شیواو، خەلك هەندی بەرەو خوارو هەندی بەرەو ژوور، چـــەپو راســـت ســـەریان لی شیواوە. شارەزوور بووەتە بەرەی شەر، بەرەو هەوراماںو سازان ریگەیڼیە، گشت شـــــاریگەکانی شـــار داخراون، سوپای ئیسلام ریگە بەدەرباز بوون نادات، پیشمەرگە قارەمانەکانیش خـــەریکن ســـاویلکانە، چیروکی سەرکەوتن بو خەلك دەگیرنەوە. هیشتا پیاوانی رژیم لەناو خەلکدا خویان حەشارداوە، بە«بیتەل» لەگەل رژیمدا لیستی ناونیشانی ئەو شوینانە دەکەن، کەخەلك روویان تیدەکەن. لەیەك‌ســـــاتدا دژەکـــان پیکەوە کوبووبوونەتەوە، مەرگو ژیان، فریو وساویلکەیی، تاوانو بی تاوان، ئازارو شادی. هیشتا شــــەو بەبەریەوە مابوو، خەلك تەنیابە چرادەستییەکاندا یەکتریان بەدی دەکرد. ئای لەم سەرلی شیواوییە، لـــەتاو دەنگە دەنگو هاتوو چوی خەلك، لەبن پاسارو سەر چلــــی درەختـــەکاندا، چولەکـــەو کوترەباریکـــە حەپەساون. لەگەل هەنگاوی هەرمندالیکی توقیوی کول لەپشت، شار لە تەمو مژی بەیانیدا دەردەکەوت، پرسیار لەدوای پرسیار پەنگی دەخوارد، لەهوشی ریبوارەکاندا.

-: بو کوی؟ کوی باشترە ؟ چیمان بەسەردی ؟ بمینینەوە یان بروین ؟ ترسو دوودلی چوکــــی زوربـــەی خەلکی شل کردبوو، هوش کاری نەدەکرد، کەس نەی دەزانی لەکی پرسیار بکات. هەر بونەوەر بــــوو، گوییی رادیرا بوو، بو بیستنی دەنگی مەرگ لەلوورەی گوولە شومەکانەوە.

جاران لەپشت شرامو دزلییەوە خەلاتی شادەکران، بەلام ئیستا خەلك بەرەو دەربەندیخانو سەیدســـــادق ئەروانن‌و، دلە راوکییانە. چاوە بی ئوقرەکان لەئاسمان راماون‌و، جارجار بالداریکی بەرزەفر، لیدانی دلیـــان خیراتر دەکات‌و هەناسە برکی، مروق گیان کیش دەکات. کاتی دەستی لەرزوکی شار پارووی بەیانیانەی بودەم دەبرد، بریاری مەرگ بەسەر بالی تەیرە ئەبابییەکانەوە، لەکوشکی سەروك کومارەوە بەرەو بـــــاکور کەوتبووە ری. چەندی خور لەزنجیرە شاخەکانی هەوراماں دوور دەکەوتەوە، هیندە پولە ئەبابیلـــە لەشـــار نزیك دەبوونەوە. بازارو دوکان بەشیوەی نارەزاییو...داخرابوون، هەر کەسەو سەردانی کەس‌و کــــاری دەکردو، چەند ووشەیەکیان بە هیمنی لای یەکتر بەجی دەهیشت. بەردەرکی سەرای شار لەقـــــەرەبالغیدا شەپول دەدات، هەر پرسیارەو خوی دەکات بەژوورەکەی "ملازم خالید"دا بــــەلام بی وەلامو بی ســـەرو شوین، لەسەر میزە بەخواردن رازاوەکەی، بەردەم ئاغای دهقانیو تارانیو مەلاعلیو شـــەوکەتی حـــاجی مشیردا زیندە بەچال دەکری. روژنامە نوسیکی ئیرانی بەئیشارەت بەمنالان دەلی: لەبەردەم وینە شکاوەکەی سەروکی قادسیەدا بووەستن، بەلام لیی تیناگەن.

هەر چون بوو دری بەقەرەبالغییەکە داو خوی گەیاندە ناو حەوشەکە، قونداخی چەکەکەی بەر

رۆژنامەنووسەکە کەوت، بەپەشکاوی‌یەوە، بمبووره نەمزانی، مەبەستم نەبوو.

رۆژنامە نووسەکە،(بەزمان فارسی) شتیك نەبووە، ببورن ئیوە فارسی تیٰ‌دەگەن ؟

(بەبی مەیلی‌یەوە): بەلی.

-: ئەتوانی بەو مندالانە بلین، مشتیان توند بکەنو، لەبەردەم وینە شکاوەکەی« سەدام حوسین» بووەستن، تاوەکو وینەیان بگرم. منالەکان وەك بلیٰی ئاواتە خوازی وەها روژیك بووبن، هەر هیندە مابوو بەکولەکەی وینەکەدا سەرکەونو، پەنجە بکەنە تاکە چاوە نەشکاوەی سە دامدا،

روژنامە نوسەکە(روولە لاوەکە): تو ئیرانیت، چی دەکەی لیرە؟

لاوەکە: نەخیر من خەلکی ئەم شارەم، چاوەری وەلام دەکەم، ببورە من دەروم. خور گەیشتبووە ناوەراستیٰ ئاسمان، منالیك بەدەم هەلهاتنەوە: هاواری لی هەستا.. تەیارە هات تەیارە . پولە ئەبابیلەیەك خویان دادایەوە بو سەرووی شار. لەیەك چرکەدا، هەموو شتیٰ گورا. لەدەنگی ناپالمەکان، جەستەی شار وەك پرچی شورەبی بەدەم رەشەبای خەزانەوە دەلەری للکو پوپەکانی دەشکانو گەلاکانی دەوەرین.

هەنگاوەکان خیراترو خیراتر دەبوونەوە، گوی کاسو ئەژنو شل..هاوارو باوکەرو، زریکەی مندالو، لیدانی بومبو روکیت. حەوت حەوت ئەبابیلەکان، شاریان بەرباران دەکرد. لەناو دەنگو هووژەی روکیت‌دا، قاقای پیکەنینیٰ پیاویك شەپولی دەدا. روو لەچەکدارەکانی ناو حەوشەی سەرا

-: بوخوتان شاردووتەوە، خوئیوە منالتان نیٰ‌یە ؟

دەتووت لەقەسابخانە دەرچووە، سەرو سیمای خویناوی لەگەل قاقای پیکەنینەکەی، گریانیکی خەست لە قورگی‌دا پەنگی دەخواردەوە.

-: چی ئەکەن لیرە؟ خوئیوە ژنو منالتان، کەستان لیرە نیٰ‌یە، بو نارون ؟

ئەو زمانانەی کە تا ساتی لەمەوبەر وەك دووپشك بەمیشکی خەلکیانەوە دەدا، لەئاستیٰ راستی‌دا وەها لال بووبوون، لەزاردا نەدەگەران .

پەیتا پەیتا روکیتو ناپالم دەبارینو، ئەویش دەستە گرمولەکانی بەرەو فروکەکان هەلدەبرینو، هاواری دەکرد...

-: بو خوتان حەشار داوە، بو بەرگری ناکەن؟

لەدوایەوە لاویك بەخیرایی رای دەکرد(بەدەم هەناسە برکیوە)

-: حەفتاو شەش کەس، حەفتاو شەش‌کەس گومی خوین، تەنیا ئەو پیاوە ماوە، ئەویش وا شیت بووە.

چیبکەین ها.. چیبکەین ؟

پرسیارەکانی لەناو گرمەی فروکەکاندا وون بوونو بی وەلام مانەوە، کەس لەو ناوە نەمابوو. هەر کەســـەو بەلایەکدا هەلهات.

پولپول ئەبابیلەکان پەیتا پەیتا ئاسمانیان لەهەوری مەرگاوی پر دەکردو، بـــارانی ژاراوی پـــەرەی گولـــە نیرگسو روومەتی منالانی مەینەتی دەسووتان. لوولەی دژە فروکەکان بەرەو نـــاخی زەویدا روچـــوون. قارەمانانی گەل لەناو باخەکاندا خویان حەشار داوە، هەرئەلی ئەم شارە چەکداری تیـــــدا نییـــە. تـــەنیا بەرگری لەشار، نیگای پر پارانەوەی ئەو منالانەیە، کەلە کولاندا بەدەم یاری کردنەوە، دەنگی فروکـەکان هیزیان لەئەژنویاندابریوەو، چاوەری تەقینەوەی بومبایەکن لەسەر جەستەیان. لە بـــواری هـــاتوو چـــووی ئەبابیلەکاندا، هاوارو زریکەی مندالان ئاسمانی شاری پردەکردەوە. بەچەند هـــەنگاوی بی هـــیز کـــولان کولان، خویان دەگەیاندە قەراخی شار. سەری وورو کاس، بووبووە باریکی گران بەسەر لەشـــــییەوە، نەیدەزانی بریاری چی بدات، خو دەرباز کردن، دوزینەوەی کەسوکار، یان ئاگاداری لەژنو منالـــەکانی حزبی دیموکرات، هەر چون بوو خوی گەیاندەوە یەکی لەژیرخانەکان. لەتاو زریکەی منـــدالو قیـــژە قیژی ژنان، کەس گوی لەدەنگی ئەو نەبوو. ماسکەکەی لەسەری کردەوەو فریدا بو ژنیکی دووگیان..

-: ئەوە بکەرە سەرت، هەندی پارچە پەروم بدەنی، مام تەوفیق تو وەرە لەگەلم.

-: مام توفیق باشەکورم.

لاوەکە: خوکەس نەهاتە سەرتان، ئەو هەتیوە نەگەرایەوە ؟

مام توفیق: کەسمان نەدیوە، چەند جار گویمان لەدەنگی پاسدارەکان بوو، بەلام خومان مات کرد، تـلوەکو رویشتن.

لاوەکە: ئەی کەس لەژیر خانەکەی ترەوە نەهات ؟ مام تەوفیق: کی بیت هەر ژنو مندالن، چون ئەویرن.

لاوەکە: با ئەم پارچە پەرویانە بگرن بەدەمو لووتیانەوە، بەتانیەکی تەریش بکەین بەپەردە بو ژیر خانەکە.

مام تەوفیق: باشە برا، مەسئولەکەتان چی ووت، ئیستا هیزی شاهوو دالەهو لەکوین؟ دەرباز بوون یان نا؟

لاوەکە: هیندەی بزانم دەرباز بوون، مەسئولیش وەلامی کەس نادەنەوە، منیش بـــەجیم هیشـــتنو هـــاتم. تائیوارە چاودیریتان دەکەمو، ئیتر من دەروم. من وەکو خوم ئاگاداری ئیوە دەکەم، ئەگینا دەمیکە بـــاوەرم نەماوە بەم جاشییەتە.

مام توفیق: ئەی ئیمە چیبکەین ؟

لاوەکە:دەبێت چارەنووسی ئێوە دیاری بکەن. ئەوان بەر پرسن لەئێوە، مەگەر قەراریان نەداوە دەربازتـــان بکەن ؟

مام توفیق: نازانم چون دەبیت، رزگار دەبین لەم داوە ؟ نازانم چون نان پەیدابکەین، بو ئـــەم منداڵانــە ؟ وەختە لەبرسا بمرن.

لاوەکە: هەر ئیستا من دەچم بو ژیر خانەکەی ئەولا، تاوەکو هەوالیان بزانمو،لەمالانیش نان کو بکەمـــەوە بوتان.

مام توفیق: کورم گەر نایێتەوە، پیمان بلی، باچاوەری نەبین. نازانم، بو حزبی دیموکرات واگولی حزبەکەی ئیوەی خوارد.

لاوەکە: وەك ووتم من ئیتر سەربەکەس نیم، تەنیا وەك خوم یارمەتیتان دەدەمو بەس، بەراست

لەبیرم چوو، مام توفیقا بەلکو بگەریی لە ناو مالو حەوشەکە هەندی خەلوز پەیدا بکەیو بابیکەنە نـــاو پارچە قوماشەکانەوە.

لاوەکە: چووە سەرەوە چەند هەنگاو بەرەو دەرگاکە. بومبایەك، خویدا بەزەویداو زریکـــەی منـــدالو هاواری ژنەکان....

-: وەرە باوکم نانمان ناوی، مەرو ئاخر ئیمە چیبکەین، خو لەبەر پاسدار ناتوانین وەك خەلك، لەژیر ئـــەم بومبا بارانەدا، خومان قوتار بکەین.

لاوەکە: ئاخر ئەوانیتر ئیستا چاوەرین، بزانم سەلامەتن یان نا ؟!

مام توفیق: چەند جگەرەیەکم بو بینە، توتنم پینەماوە کورم. لاوەکە: باشە مامتوفیق.

هەر چون بوو، لە پەنا دیوارو مالەومال خوی گەیاندە ژیرخانەکەی گەرەکی « کانیشیخ»، دەنگی چـــەند ژن پیکەوە...

-: ئەوە چون وادەبی ؟ خو گەر پاسدار بهاتایەتە سەرمان، کی دەیتوانی ریگەیان لیبگریت ؟!

لاوەکە: باشە چی بکەم ؟ هەروا فریا دەکەوم، تازە تەنیا خومم. وەکو خوم دیمو دەچم.

یەکی لەژنەکان، ئەی هەڤالەکەت کوا ؟

لاوەکە: لەوە دەچی، لەدەرەوەی شار خوی حەشار دابی.

ژنیکیتر: ئەی مام توفیقو ئەوان ماون، سەلامەتن ؟!

لاوەکە: بەلی ئیستا لایان بووم، مام توفیق داوای نانو جگەرەی دەکرد(دەنگی بومبایەك)، شکانی پەنجەرەو

شوشەو باریێ پارچە چیمەنتو، بونیکی تیژ، دووکەلیکی خەستو سووربا‌و. گشت دایانە زریکەو هـــور، تەقینەوەیەکی تر..

لاوەکە: خیراکەن ا چەند سەتلە ئاو بینن‌و پارچە پەرو تەر بکەن‌و، دەمو لوتـــانی پــی بـــگرن. خـــەلوز بدوزنەوە.

( خاکی حەوشەکە رەش هەلدەگەرا دەتووت تیزابی پیدا کراوە، گولە رەنگاو رەنگەکانی نیو باخچەکــــە، سات بە سات پەژموردە دەبوون) لاوەکە دەستیکی بەقول‌و رانی‌دا هیناو، رەنگ‌و بوی شیوا..

خەلکەکە: چی‌یە؟ بوچی شلەژای ؟

لاوەکە: شیمیایی‌یە، گازی کوشندە.

دەنگە دەنگ: مالتان کاول بیت، بو هاتنتان. لاوەکە: من دەروم نان بینم، هەر ئیستا دەگەریمەوە.

هەر چون بوو، خوی گەیاندە کولانەکەی پشتەوە، هاوارو نالـــەی پیرەمـــیردیکی دەمو چـــاو ســـووتاو رووخسار شیواو، منالیك لەولاوە بەدەم پەلەقاژیوە نوزەیەکی لیوە دەهات: دایە..دایە..

پیاوەکە: کاکە گیان ا یارمەتی لەری خودا، کەسم نەماوە، ئەی هاوار ...

لاوەکە: مامە گیان هیچ ناتوانم بکەم، تازووە خوت بگەینەرە ئاوی کانی شیخ‌و خوت بخـــــەرە ئاوەکـــە، ئەگینا برینەکانت قولتردەبن، تەنیا ئاوی ساردباشە.

پاوەکە: ئەی هاوار بەزەیی نەماوە، ئای لەم روژە تیی کەوتین، گرفتاری بووین.

لاوەکە هیچ وەلامیکی پی نەدراوەو، خوی گەیاندە مندالەکە. بەلام درەنگ بوو، دەســـتەکانی وەك بـــالی شکاوی پەپوولە، لەملی ئالا بوون، چاوەکانی وەك دەریایەکی مەنگ لەئاسمان راما بوون.

کومەلی جەستە لەبزووتن کەوتبوون، سینگی ئاوساو دەمو چاوی شیواو، چەند مەریك گیژ کـــەوتبوون‌و، لەقەفری‌یان بوو، مامریك گیژو لارەلار خوی بەدەرگـــای کولانەکەیدا دەکرد، وەك بلـــی لەدوزینـــەوەی جووجکەکانی هیوا بر بوویت. پولە ئەبابیلەکان پەیدا بوونەوە، بەراکردن خوی‌گەیاندە مالیك، (دەنــــگی بومبایەك)، دووکەلیکی خەستو سووربا‌و، بەرەو ئاسمان..

-: مالەکە.. مالەکە..کی لەمالە ؟

دەنگی لەژیرخانەکەوە: بەلی، ئەوەکی‌یە ؟

لاوەکە: منم، یارمەتیم دەوی.

دەنگەکە: وەرە خوارەوە.

لاوەکە: گەر هەتانە چەند نانم دەوی ؟!

خاوەن مال روو لەکچەکەی: ئادەی چەند موچەنانی بو بینە.

لاوەکە: گەر گوێیەکیشتان هەبێ زورچاکە.

خاوەن مال: بوکێ دەبێ، بو پاسدارو پیشمەرگە، ها ؟ ناتدەمێ .

لاوەکە: بوژنو منالی پیشمەرگەکانی حزبی دیموکرات، لیرە گیریان خواردوە، لەترسی پاسدار. بێ نـــانو خوراك، لەژیر بومبارانو لەترسی پاسدار گیریان خواردووە، یارمەتی ئیوە مانان نەبیت، هیچی کە شـــك نابەن .

ژنەکە: کچم هەندیکیتری بدەری، کێ دەلی، ئەمینین؟!

خاوەن مال: باشە کورم چیبکەین، لەدەرەوە خەلك زور کوژراوە ؟

لاوەکە: بێئەندازە لەخەلكو لەئاژەل. کیمیاوییە..کیمیاوی، ئاگاداربن، هەر فروکەکان بواریاندا بـــرون، لیرە مەمینن. من دەروم، زور سوپاس، مالتان ئاوا.

خوی گەیاندە چەند مالیتر، هەندی زیندوو، هەندیکیش نیوە گیانو مردوو. گوێیەك نانی کوکـــردەوە لەکانی شیخ. ژنو منال لەبرسا پەلاماری گوێیەکەیاندا.. دەنگی ئەبابیلەکانو تەقینەوە، ژنو مندالـەکان لەترسا نانەکەیان لەبیرچوو، کشانەوە نیو ژیر خانەکە.

لاوەکە: ئەوە نیوەی بو ئیوە. چەند جگەرەم بدەنێ بو مامتوفیق. ژنیك تەکە جگەرەیـــەکی دایێ، روولـــە لاوەکە

-: بلێ بزانم میردەکانمان گەیشتنە کوێ، سەلامەتن؟ لاوەکە: نازانم، دلنیا نیم، هەرچـــون بیـــت لـــەئیوە سەلامەت ترن. ژنەکە: دەلین گوردانی شوانی کومەلە لە«چومی سیروان»، دوینێ ئیوارە هەموو کوژراون ؟!

لاوەکە: منیش بیستم (٩٠) پیشمەرگەیان کوژراون. ژنەکە: هەی رو، بەخودای ئەو عەبدولایەی منیـش، بەسەلامەتی دەرباز نابیت.

لاوەکە: من دەبێ بروم، دەرگا بگرنو گەر پاسدار هاتن، خوتان وا لێبکەن کەعیراقینو لێیان تینـــاگەن. بەدەستو ئیشارەت،وەلام بدەنەوە.

ژنەکە: کورم ئاگات لەخوت بیت، بلێ بە مامتەوفیق گەر بوردمان نەما، با هەرکــــە تـــاریك داهـــات، بیتەلامانو پیکەوە بەرەو شوینیك بچین، تا پاسدار نەیگرتووین. گرمەی فروکەو شریخەی بومبا، خـــانووی رووخاو جەستەی سووتاوو ئاوساو، جامەدانیو مشکی شیواوی پیاوان، سەرپوشی کراوەی ژنان، پرچی

ئالوزکاوی کچان، دەستی گرمولەی مندالان، چاوانی سوورهەلگەراو، هیندەی‌تر رکو بیزاری‌یان جـــوش دەدا لەناخی‌دا بو سەرکردەکان. ووشەی پیشمەرگە ئیـــتر لەهوشـــی‌دا، مانـــای جـــارانی نـــەبوو. وەك بونەوەریکی پیس‌و گەندەل سەیری خوی دەکردو، ئارەقەی رابوردووی خوی بەشەرمەزاری‌یەوە دەردەدا. من چەند گەوج بووم، گەرانەوەم بو شار دوای خوپیشاندانەکە زور باشتربوو لەم تاوانباری‌یە. بـــەربوکی لەشکریکت کردووە، کە هەزارو چوارسەد سال لەمەوبەر، ئەم شارەی خاکو خوین کیشاوە. لەوانەیـــە ئیمە پاشماوەی ئەوانەبین، کەخویان داوە بەدەستەوە. (دەنگی بومبایەك) رایچـــەناند، خـــوی هەلدایـــەوە حەوشەکە.

مام تەوفیق: کورم ماوی؟

لاوەکە: بەلی مامە.

مامتەوفیق: چ خەبەرە لەدەرەوە؟

لاوەکە: بلیم چی، شتی‌وا قەد رووی نەداوە، ئاوا بروا زورکەس دەکوژری شاریکی بی‌خـــاوەن، فروکـــە تەراتیین تیدا دەکات.

دەنگی رەوە ئەبابیلە...

مامتەوفیق: کورم خوت بدە بەزەوی‌دا. خویان بەزەوی‌دا دەدەن تافروکەکان تی‌دەپەرن. لاوەکە: هـــەر وابووە کەروژگار بووبیتە توپی پی‌ی گەوجان، گالتە جاریەك بەرپا بووە. کوتایی هەر شەریکیان ویـــرانی شاریك بووە.

مامتوفیق: وا دونیا تاریك داهات، ئیمە چی‌بکەین ؟!

لاوەکە:بەراست لەبیرم چوو، رەعناخانم ووتی: بابینەلای ئیمە، ئیرە نزیکترە لەقەراخ شـــار. گەر بـــەمانو بەمردن باپیکەوە بین.

-: ئەوە هەندی نانم بوتان هیناوە، من بریندار‌بووم، لاقەکانم سووتاون، چاوەکانم هەست دەکەم لیل دەبن. من شەرمەزارم کە لەمە زیاتر ناتوانم هاوکاریتان بکەم. من لەگەلتان دیم تاژیر خانەکەی‌تر، لای ئەوان. من ئیتر لەویوە دەروم، بەلکو مالی خومان پەیدا بکەم، هیشتا نەم بینیوون، گەر مابن باشە ؟!

مامە تەوفیق ا من دەروم، گەر ئەمجارە دەرباز بووین، ئەوا روژیك دەبیت یەکدی دەبینینـــــەوە، بـــەنیازی دیدار.

مام تەوفیقو ژنەکان: خوات لەگەل کورم،بەخیری چیت.

لەژێر پەردەی رەشی شەوە زەنگدا، شار تەنیا لەگورستانو ویرانە دەچوو، ووردە ووردە بالامبوو شـنروی لەناو حەمو پەژارەدا کور کور دەچوونەوەو.. سیمایەك لەشار نەمابوو، دەنگی سەیارەو، گریانی منـــدالو دەنگە دەنگ، مروقی وورو کاس دەکرد..

لە شەهیدانەوە بو شنروی، لەباموكو باوەکوچەکەوە بو چنارەو موردین، لەگشت لایەکەوە کورەویـــك چرا دەستی بەریوە بوو، کزکز دەسوتان، دەکەوتنو دەکوژانەوە. دەتووت چاو شارکییانە لەگەل لایـــتی سوری فروکەکان، دەنگیك: فروکە هات ا چراکان بکوژیننەوە، بانەمان بینن. دەنگیکیتر: بیدەنگ بـــن، بابزانین لەکوی ئەدەن ؟

دەنگیکی: حەمە نابینم.. کوسارو، هەلالە کوان ؟

دەستم بگرن، چاوم نابینیت..

دەنگیکی نووساو: بابە ئەوا هاتم.

دەنگەکان یەکتریان دەبریو لەیەك دەئالانو هاوارو نزایان بەگوی کەرری ئاسماندا دەچری: علـــی.. ئازاد.. خەجی.. بابە.. دایە.. خالە.. پوری.. ئەی هاوار بەزەیی، لەکویوە بیم.. دایە بابە من دەترســـیم.. رولە ئیوە برون من توانای ری کردنم نەماوە.. دایە..دایە.. هاواریك، قیژەیـــەك، گەرەك گەرەك، شـــەقام شەقام، مال بە مال، پر بەگەرووی شار زوخال: هەلەبجە بووە گومی خوین، پینج هەزار هەناسە خنکـــان، پینج هەزا هیوا جوانە مەرگ بوون، پینج هەزار بومبا فروشران، پینج هەزار بلیارد دولار لـــە بانکـــەکانی سەرمایە خزینران !!

**__پاشماوەی گفتوگۆ لەگەڵ کلاوسی کەمانچە ژەن__** وە ئەم ناوە دەبیت بپاریزن، من زور خوشـــحالم کە (گفتوگو)کەی من لەناو ئەم گوقارەدا بیت، وە ئەو کەسانەی کە خەریکن دەیدەنە دەرەوە دەبیـــت بیر بکەنەوە کە ناویکی زور بەمانایان هەلبژاردووەو دەبیت دەست بەرداری نەبن .زور سوپاستان دەکەم .

**__ژیلەمۆ__**: ئیمەش زور سوستان دەکەین بو ئەم کاتەی بەئیمەتان بەخشی، هیوادارین لە هەلیکیتردا بتوانین لەسەر کارەکانی ترتان بدوینو بە خوینەرانی کوردی زمانیان بناسینین .

**وەرکیران**: **ووریا**

**ئامادەکردنی**: **ئوزین ئەحمەد**

# گفتوگۆ لەگەڵ موزیکژەنی خیابانی کلاوسی کەمانچەژەن

## Klaus der Geiger بەشی دووەم

**ژیلەمۆ** : ئایا موزیکیك کەئیوە دەیژەنن، بو چینیکی دیاری کراوی نیو کومەلە، یان ئاراستەی گشت چینو تویژەکانە ؟

**کلاوس (د.گ.)**:موزیك شتیکە هەرکەس پیویستی پی‌یەتی، بەبی لەبەر چاوگرتنی، ری‌وشوینی ئەو کەسەلەکومەلگەدا. موزیك شتیکە لەگەل مروقدا دەدوی. لیرە زوربەی مروقەکان کریکارن، هەرلەبەر ئەوەشە هیچ جیاوازی‌یەك لەنیوان مروقەکاندا دانانیم. بەلام من خەریکم سەیری ئەم کومەلگەیە دەکەم، ئەبی قسەیەك بکەم، کە بەکەلکی زوربەی مروقەکان بیت. وەدیارە من بەشیوەیەکی ئاسایی‌و سرشتی پەیوەستم بە کریکارانەوە، چونکە زوربەی مروقەکان کریکارن. ئەمە لەکاتیکدا ئیشی موزیکی ئاوایە، کەمن لەناو کریکاراندا باریکی ئاسایی‌و جددی وەردەگرم. ئەگەر بەراووردی بکەم، لەگەل شوینیکدا کە مروقی جوراو جوری دینە ناو بەرنامەکەمو ئاوانیشان دەدەن، کەهەموو شتی تی‌گەیشتوونو زوریان پی خوش بووە. بەلام لەهەمان کاتدا وانی‌یە. ئەو کەسانە بەتەواوی دروزنن. ئەو کەسانەی کە سەرووەری کومەلگەن هەمیشە درو دەکەنو، وانیشان دەدەن کە تیدەگەن. بەلام لەناو کریکارانو کەسانی ستەمدیدەدا کاردانەوەی سروشتی نیشان ئەدەنو زور راستگون، کاتیك کە داوای ئەو ئەوشتە دەکەنو، کاتیك شتیك تی‌ناگەن بە راستی ئەلین تی نەگەیشتووین، ئەم شتە توانای تی‌گەیشتنمان نی‌یە لی‌ی، ئیتر ئەوەندە بەسەکە توزی پشووی پی بدەیتو خوشت هەست بەپشوو دەکەیت. گەربزانیت ریگەی پی‌دەدەی، ئەلی بزانم ووتت چی ؟ مەبەستت چی‌بوو ؟ بوم روشن بکەرەوە با منیش لیت تی بگەم. ژیانی خودی ئەوانەی لەسەرەوەی کومەلگەن واتە چینی سەرووەر، لەراستی‌دا ژیانیان نمایشنامەیە، خویان خەریکن رولیك دەبینن، کە بەراستی خویان نینو، لەراستی‌دا وانی‌یە. ئیتر تو چاوەروانی چیت لی‌یان هەیە ؟ چونکە ئەوان بویان هەیە هەرجوریك خویان دەیانەویت رول ببینن‌و، هەر جوریك بیانەویت قسە بکەن، بەلام بەبی من. لەهەمان کاتدا ئەوان توانای ئەوەیان هەیە، کەهەستی مروقو هونەرمەندەکان رابکیشن بو خویان. وەئەوەش شەریکەو کە دەبیت ئیمەش دەست بەشەر بکەین لەگەلیان.

**ژیلەمۆ** :وەك لە وەلامەکانتاندا دەردەکەوی ئیوە تەنیا موزیك ژەن نین، بەلکو هونراوەش دەهوننەوە؟ ئایا ئیوە بەکامیان، موزیك ژەن یان نووسەر خوتان ناو دەینن؟

**کلاوس (د.گ.)**: ئەتوانی هەردووکیانم ناو بنیی، لەم کاتەدا هەم دەنووسمو هەم موزیکیـــــش دەژەنم. دیارە من ئەگەر حاڵم باش بیت، زور شیعر نانووسم. کاتیك گرفتیکی عاشقانە وادارم بکات، کەبچمە ناو خوم، ئیتر هەموو شتەکانی دیم لەبیر دەچینەوە.

**ژیلەمۆ** :ئایا ئەوەی دەینوسن، هەر بەزمانی ئەڵمانی‌یە، یان بەرهەمتان هەیە بە زمانی تر ؟

**کلاوس (د.گ.)** : من بە ئالمانیو ئینگلیزی دەنووسم، کاتیك لە ئەمریکا بـــــووم، زیـــاتر بـــەئینگلیزی دەمنووسی. بەلام کە گەرامەوە ئەلمان، ئیتر لەو کاتەوە زیاتر بەئەلمانی‌دەنووسم.

**ژیلەمۆ** :ئایا ئیوە زیاتر لە خیاباندا موزیك دەژەنن یان شوینی تایبەتان هەیە ؟

**کلاوس (د.گ.)**:من زیاتر لەخیاباندا کار دەکەم. من کاتیك لەسەر خیابان کاربکەم، ئەوا کومەلە شـتی سادە کەزیاتر لە چوار پینج کوپلە پیك دین. زیاترشتەکان سیاسین، مەگەر هەندی جار وەك ووتم، حـالم تەواو نەبیتو شتی عاشقانە بلیمو، بچمەوە ناو خوم. زور جاریش وەك ووتم یان بەشدارم لەگەل تیپیکـدا، یان کونسیرت پیشکەش دەکەم، وەك ئەم شەو کە کونسیرتیکمان هەیە. کەسانی تری موزیك ژەن دیـــن. کاتیك کەسانی تر بین، منیش ری‌وشوینیکی‌تر بوخوم وەردەگرم، موزیکەکەی خوم تیکەل موزیکی ئەوان دەکەم، بو نمونە کەسیك دیت (Didgeridoo) کە ئامیریکی موزیکی ئوســـترالیایی‌یە کایــە دەکـــات، ئەوامنیش دەبیت موزیکیك کە گونجاو بیت، لەگەل ئەوەی ئەو ئەیدوزمەوەو بەم جورە کایەی لەگەلـــــدا دەکەم. واتە من دەبمە تەواو کەری ئەوان یان ئەوان تەواو کەری من دەبن. من لەهەمان کاتدا ری‌و شوینی تایبەتی خوم هەیە لەکولن‌دا، رابەری (ناوەندی هونەرمەندانی کولن)مو، لەناویاندا کار دەکەم. هـــەم وەك رابەریكو هەم وەك ئەندامیك موزیك کایە دەکەم. هەر رولیك بەری‌و شوینی موزیکی کـــەوتووە، کـــە کایەی دەکەی. زورجار پەیوەندیم هەیە بەدەرەوە، بونمونە: میوانی کرام بو سوید، بو بەرنامەیەکی شـــانوی چوار پەردە، کە دیمەنەکانی لەسەر (بارانو ئاگرو ئاو با) بوون. هەر ئەکتەریكو یەك موزیـــــك ژەنیـــك پیکەوە کایەمان دەکرد. کونسیرتەکە دیاری کرا، کەچون چونی بیت. من خوم موزیکم کایە کــــردەوە. چواردە روژ ماوەم هەبوو، کەلەگەل موزیك ژەنەکان پیکەوە یەکتری ببینینو، بەپی‌ی ئەو شانویەی کـــــە ئەوان دایان رشتبوو، توانیمان ریکی بخەین. من خوم نازانم ئەم جورە موزیکە ناو بنیم چی ؟ ئـــەم کـــارە چواردە روژ لە خوارووی سوید دەرهینرا. وەدوای ئەوە میوانیان کردم بو یابان (١٠) روژ لەوی بــــووم، شەش کونسیرتم کایە کرد. لەراستی‌دا شەش تیپی وزیکی جیاجیا بووین. لە(پانکەوە تـــا ئاقانگاردیســـت) موزیکی ئاسایی (راکو روك) ئیمە بەراستی هەموو کاریکمان کرد. من دیارە کەمیوان بووم، بەلام رولی

گەورەم هەبوو. بەتایبەتی لەداستانو میژووی یاباندا. ئیستا لەلایەن تەلەفزیونی(arte) میوانداری بو ئەفریقیا کراوم، وەك (Trommler)تەپل لیدەر. من وەك کەسیك کەلەگەل ئەوانداناموم، وەزیاتر بە فەرهەنگی ئالمانو ئەوروپا ئاشنام، میوانداری کراوم، تالەگەل ئەواندا کاربکەم. مندەبیت، لەبواری موزیکیدا بتوانم پەیوەندی ئەوانە هەمووی پیکەوە وەصف بکەمو، بەیەکەوەپەیوەندیان بکەم. بە جوریك بیت لەناوەوە شیاوی تیگەیشتن بیتو، هەموو کەسیك بتوانیت لیی تیبگات.

**ژیلەمۆ** :ئایا ئیوە تەنیا کاردەکەن یان لەگەل تیپیکی موزیکیدا هاوکارن ؟

**کلاوس (د.گ.)** : ئەگەر بەتەنیا موزیك بژەنی، ئەوا لەدریژ ماوەدا دەمریت. لەهەمان کاتیشدا ئەگەر ماوەیەکی دوورو دریژ لەناو تیپیکیشدا کاربکەی، ئەوا هەر دەمریت. بو کەسیك کەبەتەنیا کار بکات، ئەوا لەلایەکەوە تەواو ئازادە، لەلایەکی تریشەوە ئازاد نییە. وەکو پیشە مروق بەتەنیا ئازاد دەبیت، وەلەگەل ئەوانەشدا دەبیت، پشوو بدەی. بونمونە گەر بمەویت بەتەنیا کار بکەمو، هەقم بەسەر هیچ کەسیکەوە نەبیت، ئەوا دەبینم بابەتەکانم وردە وردە دەمرنو بەکەلکی خەلك نایەن. دوای ئەوە دەبیت، بچم لەگەل کەسانیك کار بکەم، بو ئەوەی خەلك وەرس نەبیت. ئیستا من دوو هاوکارم لەخیاباناهەن، من کەسیکم وەك موزیك ژەنی خیابانی ناسراوم. هەرکەسیکمان لەهەمان کاتدا دەتوانین بەجیا کار بکەینو، هەم پیکەوە. بو نموونە ئەو کەسەیکە (Didgeridoo) کایە دەکا، خوی بەتەنیا(سیدی)یەکی دەرهیناوەو خەریکە لەکاتی(قایناختن)دا دەیفروشیت.

**ژیلەمۆ** : لەکاتی شەری دووەمی جیهانیدا بەتاییەت شەری ناوخوی ئەسپانیا، هونەرمەندان وەك پالپشتی لەهاوریکانیان قولیان لیهەلمالی، بەشانو و هونەراوەو تەنانەت بەشداری راستەوخوش ئەرکی ئەنتەرناسیونالیستیان ئەنجام دەدا. وەك بیرتولد بریخت، ئایا لەئیستا ناوەندیك یان هەولیکی ئاوا لەئارادا هەیە، بەتاییەت کەسەر تاسەری دونیا شەرو ویران کارییە،وەك عیراق، ئەفغانستان، ئەمریکا، ئەوروپای روژهەلات ؟

**کلاوس (د.گ.)**:لەم کاتو سەردەمەدا، خەریکە پەیوەندی نیوان مروقەکان لەرووی بیرو گیانییەوە لیك هەلئەوەشیو، مروقەکان لەرووی هوشیارییەوە لاوازن. تو لە رووی مالیەوە سەیریان مەکە، لەرووی رووحیو فکریەوە زورهەژارن. ئەمە بووەتە هوی ئەوەی، کە ئەم شتەکە کەوا تو باسی دەکەی، لەم هەلو مەرجەدا سەرنەگریت. شتیکی تریش، فەرهەنگی دواکەوتووانە ئەوەندە زال بووە، بەسەر کومەلگەدا، من ئەگەر کاریکی وابکەمو، بچمە خیابانەوە خەلکەکە گەر شتیك بەژیانی خویانەوە پەیوەست نەبیت، گویم

بو رانادیرن. لەئیستا خەریکە پەیوەندی مروقەکان، لەرووی فیکری‌و روحی‌یەوە لاواز دەبیت. بەراستی ئەو کەسانە بیر دەکەنەوە کەمن‌و هەژارن. وەخودی ئەمە هونەرمەندەکان بەوە، وادار دەکات، کـــە زیـــاتر لەبارەی ژیانی ئەمانەوە قسە بکەن، تا گویت بو رادیرن. ئەوە گرفتی تەنیا من نی‌یە، بەلکو لەراستی‌دا گرفـتی تەواو هونەرمەندانیکە، کە خویان لەسەر ئەم زەوی‌یە، لە دەرەوەی سنورەکانی ناسیونالیزمەوە بو شـــتەکان دەروانن. بونمونە تەماشاکە تەلەفزیون هەرچی شتی دروست‌و واقیعی‌یە تیایدا نی‌یە، بەلام گشت مروقـــەکان تەماشای دەکەن. هەروەها شانوگەریەکان مانایان نی‌یە، هەرشوینیك ئەچی پرەو، هەمووان دەچن. بـــەلام بی‌ماناترین شانوگەرین، کەلەم سەردەمەدا خەریکن دەردەهینرین. تەنیا شانوگەریەك کەلەم ماوەیەدا دیومـــەو سەرنجی راکیشاوم، لە (alte feuer Wahche) پیشکەش کرا. کەئەکتەرەکانی لە تورك‌و کوردو ئالمـــانی‌و بەنگلادیشی‌و ئەفریکی‌و پورتگالی پیك هاتبوون‌و، رولیان دەگیرا. ئەمانەش بابەتیکن لیرە بو خویان کـــەهیچ کەسی یارمەتی‌یان نادا، تەنیا ئەوانە نەبی کەخویان برسین‌و خەلك کومەکیان پیدەکات. ئەگەر کەســـیك بیەویت لەم بوارەدا کاربکات، ئەوا لەبرسا دەیکوژن. لەم وولاتە دەولەمەندەدا، گەر بتەویت پیشـــکەوتوانە کاربکەیت، ئەوا لەبرسا دەمریت. چونکە کولتوری مروقی برسی کەس یارمەتی نادات. ئەوانیش وەکـــو موزیك ژەنەخیابانی‌یەکان، هیچ کەس کومەکیان پی‌ناکات.

**ژیلەمۆ** : باشە ئەی لەرووی بیرو باوەرەوە چون بیر دەکەنەوە، زور جار لەقسەکانتاندا باسی پانکیست، مارکسیست، ئەرناشیست دەکەن. ئایا هەلگـری کامە هیل‌و سەربەکام بزوتنەوەی لەناو ئەمانەدا ؟

**کلاوس(د.گ.)** :من ئەرناشیستەکانم لە هەموویان خوشتر دەویت. من خوشم لەرووی بیرووبـــاوەرەوە (ئەنارشیزم)م زورتر پی خوشە. شتیکی تریش کەلەناو قسەکانمدا کەمە ئەویش چونیـــەتی بیرکردنەوەمـــە. دیارە هەرکەسیك بوخوی جوریك بیرکردنەوەی هەیە. کەسیك بەحەزرەت عیساو کریسموس، کەســیك بەمحمدو، هەرکەسیك بەشتیك باوەری هەیە. من بە سروشت باوەرم هەیە، بەهیچ شتیکی‌تر باوەرم نی‌یـــە. ئەگەر تو بتەوی یاسای سروشت تەماشاکەی، بەراستی یاسای سروشت زور شتیکی جوانە. ئەگەر ئـــەو یاسایەی سروشت بکەیتە (ئەلتەرناتیف) بو ژیانی مروقەکان، ئەوا ژیان زور ئاسایی‌و سادە دەبیتەوە. ئـەگەر بتەویت مروقەکان ئازاد بکەی، زور زوو شت فیردەبن. مەگەر مروقەکان هەلەیەکی زور ترسناك بکـــەن. ئەوەندەی گروپەکان‌و ئیدەکان گەرەکیانەو، جیاوازی لەنیوان بەرەشەکاندا دەکەن، خـــودی مروقـــەکان ئەوەندە جیاوازیان لەنیواندا نی‌ي. بو نمونە بتەویت بلی‌ی: تەنیا عیساو هیچ کەسی کەنا، کەســـیکی تـــرو کابرایەکی‌تر بلی: حەزرەت محمدو کەسی‌تر نا. گەر وا سەیر بکەی، گرفتەکان تەواو گەورە دەبنەوە.

بەلام گەر پیچەوانەی ئەمە بیر بکەیتەوەو، بلییت: ئەممەو، هەموو شتیکی تریش ئەتوانی بوونی هەبیت. ئەوا ئەوکاتە ژیان ئاسانتر دەبیتەوە، بەمەرجی نەلی‌ی تەنیا خوم‌و تەواو. لەبارەی ئەو لیکولینەوەو تویژینەوانەی کە تا ئیستا کراون، لەناویاندا ئەو نووسین‌و تویژینەوانەی مارکس داویەتی، لەگشتی کامل ترو دروست ترە. قانون‌مەندی مارکس قانونیکی جیهانی بوو. تویژینەوەکانی لەبارەی سەرمایەداری ئەو کاتەو، لەبارەی ئەورووپاو ناوەندیتی سەرمایە لەئەورووپاوە بو جیهان، ئەمانە کاملن. کەمارکس دەلی: سەرمایە جیهانی‌یەو ناوەندیکی جیهانی هەیە. لەجیهاندا لە ناوەندیکەوە خەریکە بەرهەم دەهینری، بو تەواوی دونیا. ئەمە شتیکە کەهەتا ئیستا لەم ئەورووپا بوونی هەیەو، لەئەورووپاوە بو ئەفریکا بو ئاسیاو تەواوی جیهان بەرهەم دەهینری. مادام بەرهەم هینان بو مروقەکان ناوەندیتی هەیە، کەواتە لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانری کیشەو گرفتی ژیانی مروقەکانیش بەناوەندیتی چارەسەر بکری. وە ئەمە ئیستا لەهەر کاتیك بوونی پیویست ترە. میژووی مروقایەتی میژوویەکە، مروق بو خوی دەتوانی بە تەواوی تەماشای بکات. بونمونە(کریسمس) سەرەتا ئەمە شتیکە لە میژوودا دروست کراوە. بەجوریك وجودی بووە، کارمان نی‌یە بونی بووە یان نا، بەلام (٤٠٠)سال دوای تەمەنی خوی گرنگ کراوە لەدونیادا. لەراستی‌دا رولەکان خویان دروستیان کردوون، دژی ئەو سیستەمەی کە لەسەرووی خویانەوە بووەو، بەو شیوە تیکوشاون. یان محمد لەکاتی خویا منیش نازانم لەوانەیە زور زور گرنگ بوو بیت.بەلام کاریك کەخەریکن دەیکەن، تەواو دژی مروقە. من میوانی کرام بو(بوسنە) دەروژ لەوی بووم. هەرچی شتە لەوی بەهوی شەرەوە خراپ بووە. کاتولیکەکانی ئەوی میوانیان کردم. ئیستا ئەوان لەوی خەریکی کاری مرویین، خویان راستەو خو نایکەن، یان پی‌ی هەلناستن. بەلام ئەوان خەریکن ریکی دەخەن. لەهەمان کاتدا خەریکی پیروز کردنی پیاوە دینیەکان‌و خودا پەرستین. من شتیکم برد بوناو کلیساکەیان، یەکی‌لەگورانی‌یەکانی خوم. کلیساکە پربوو هەموویان پی‌یان خوش بوو، لەکاتیکدا کلیسا هەزار سالە خەریکە شتیك دووبارە دەکاتەوە. بەهەر حال من چووم لەکلیسا موزیکم ژەنی، بەلام شتی تازەم دەرهینا. دیارە خەلك شتیکی پیویستە. ئەگەر خەلك واقیعا پیویستیان پی‌یەتی، منیش پیی رازی دەبم‌و، بابرون لەوی لاژە لاژ بکەن بو خوا.کاریکم نی‌یە برون نویژ بکەن بپەرستن ..ئەگەر بەم جورە پەیوەندی نیوان مروقەکان‌و ژیانیان باشتر دەبیت، بابرون تا ئیوارە نویژ بکەن.

**ژیلەمۆ** : ئایا تەنیا دەژین، یان کەسیکی کە وەك هاوسەرو مندال لەژیانتاندا بوونی هەیە؟

**کلاوس د.گ.** : نەخیر تەنیا ناژیم ، سالی ١٩٦٤هاوسەریم کردووەو هاوسەرەکەم

ناوی(کریستل)ە هیشتا هەر هاوسەرین، بەلام پیکەوە ناژین ٠ لەگەل ئەودا سی منالمان هەیەو منالەکان بـو خویان گەورە بوونو خویان منالیان هەیە، تەمەنیان لەسی سال زیاترە ٠ ئیستا لەگەل کەسیکی کە ژیـــان دەکەم کە ناوی (ئوولا)یە بەلام تەنیا هاوەلینو هاوسەریمان نەکردووە. لەگەل (ئوولا) دوو منالمان هەیـــە، ئەوانیش تەمەنیان هەژدەو نوزدە سالانە٠ ئیمە حالەتیکی تایبەتیمان هەیە لەگەل خیزاندا، دوای ئەوەی کـــە لە ئەمریکا گەرامەوە. وەك باسم کرد شیوەی کومونیمان وەرگرتبوو وەك نارەزایی‌یەك بەم کومەلگەیــــەو لەبەر ئەم هویانە :

یەکەم :ئەم کومەلگەیە کەئاوا ریك خراوە پیی رازی نین

دووەم :ری‌و شوینی کار، ئەوەی بتوانی بەهوی ری‌و شوینی کارەوە لەم کومەلگەیەدا شتیك بگوری یـــان تەکان بدەی ئەوەشمان پی‌دروست نی‌یە٠

سی‌یەم:هاوسەری‌و یاساو خیزان بەشیوەیەکی رەسمی دانی پیا نانیین، وەهەر شتیك کـــە ببیتـــە هـــوی لی سەندنەوەی ئازادی مروقەکان ٠ ئەم ئیدەگەلە (بوچونانە) دەستمان کردوە بەپیادەی کـــــردنی. زور زور دژوارە لەبەر ئەوەی تەواو دژی شیوەو ریکخستنی کومەلگەیە ٠ بەتاییەت کەئیمە منالمــــان هـــەبوو زور ئالوزتر بووە، بەلام ئەو کەسانەی وەك ئیمە کە باوەرمان هەبووە بە ژیانی کومونی بو هەموو مروقـــەکان ، ئەوا سەختی‌یەکانی بو هەر کەسیك بە جوریك بووەو تایبەتیەکی هەبووە تیایدا بمینیتەوەو ژیانی تییدا بکـلـت. لەبەر ئەوەی لەلایکەوە فشار هەبوو، وەلەلایکی‌ترەوە ژیانی کومونی‌و پیکــــــەوە ژیـــان ئەوەندە لەرووی دەروونی‌و روحی‌یەوە ئیمەی دابین دەکرد کەدلمان پیی خــــوش بیـــت، وەئەمە شتیك بوو کە بووە هوی ئەوەی ئیمە دریژەی پی بدەین.

زوریك لەلاوەکانی ئامریکا ئەم شیوە ژیانەیان هەبوو، بەشیوەی کومـــــونی‌و بەکومـــەل دەژیان. بەلام بەداخەوە ئیمە لیرە نمونەی ئاوا هاوشیوەمان زور زور کەم بوو.ئـــەوکات گروپی(موستوك) نازانم ناوتان بیسنووە یان نا، زوریك لـــــەموزیك ژەنـــەکان لـــەناو گروپی(موستوك)دا بوون. بەتایبــــەت لەســـەردەمی جـــەنگی قیتنـــامدا رولی گەورەو بەرچاویان هەبوو، بەلام لەهەمان کاتیشدا زور شت لەناویاندا هەبوو وەك حەشــــیش‌و ئەمانە، بەلام لەگەل ئەوەشدا کاریکی زور باش بوو .

**ژیلەمۆ**: دواپرسیار یان دروستر بلین دوا ووشەو پەیامتان چی‌یە بو خوینەرانی ژیلەمو ؟

**کلاوس** (**د.گ**.): ناوی گوقارەکەتان زور جوانو زور گرنگە، **بـــــــــــۆ ل١٨**

# ئەنتەرناسیونال

هۆنراوەو ئاواز ئۆژین پۆتیە و. ڕیبوار

هەستن ئەی هۆزی بەش مەینەتان
دیلانی برسیەتی دونیا
لە تەنووری بیرو باورمان
قرمژنی تریشقە ڕاسا
تەنووری ئاخرینە هەستن
با هەلی پیچین دەورەی کۆن
ڕابینو ژیرو ژوور کەین جیهان
ئیمەی هیچ بین بەگشت ئەی کۆیلان

* * * * *

ئاخرین شەرە شەری سەرو مال
با یەککگرتوو بین هەڤالان
بە ئەنتەرناسیونال
رزگار دەبی ئینسان

* * * * *

دەسەلاتدار رزگارمان ناکەن
نەشا نەشیخ نەئاسمان
با خۆمان بۆ رزگاری ڕابین
ئەی خیلی بەرهەم هینەران
رزگاری گشتی بەو رەها کەین
گیان لە بەندو مال لە تالان

خۆمان ئاگر خۆشکەین و بوکتین
بەگەرماوگەرمی ئاسنمان
* * * * *
ئاخرین شەرە شەری سەرو مال
با یەکگرتوو بین هەڤالان
بە ئەنتەرناسیونال
رزگار دەبی ئینسان
* * * * *
ئیمەی کریکاران و وەرزیران
کۆمەلی مەزنی زەحمەتکیش
هەر بە ئیمە دەبری جیهان
تاکەی بۆ تەوەزەلی خوینریژ
بەلام ئەمرۆو سبەی ئەی هەڤالان
هەرکە فەوتان قەل و دالان
هەتاوی گەش هەتا هەتایە
تیشک دەهاویژی بۆ ئینسان
* * * * *
ئاخرین شەرە شەری سەرو مال
با یەکگرتوو بین هەڤالان
بە ئەنتەرناسیونال
رزگار دەبی ئینسان

# ئەنفـــــــال

ئاسۆ

لیرە بووم کە هاتن.
کاروانیک گۆرانی دل تەنگ بوون
بیرەدا، بە بەرچاوی خۆمدا تیپەرین.
من دەنگی ئاوازی ئەوانم،
بە گیانم هەلمژی.
من ترپەی پییانم،
لە گویما هەلکەنی.
بەلام ئاخ !!
چاوانم بۆ کویر بوون ؟؟
بۆ شوین پیی کاروانم دیار نییەو
کام دەستی ساحیر هات، سرییەوە ؟؟
تا ئاوا لیم وون بوو.
هۆ خۆری سەر سەرم !!
هەر ئیستا لیرەوە تی پەرین.
تۆ و هەوریش لیرە بوون.
سەرنج بە !
بزانە! تۆ شوین پیی کاروانی گۆرانیم هەل ناگری ؟؟
– لە دەنگی ئاوازی قەتاریان
سەرسام بووم.
بۆ ساتیک،
هەر هیندەی هەناسەی تیشکیکم
لە مەستی گۆرانی ئەواندا
چاوانی خۆم داخست.

هەر هێندەی هەناسەی تیشکێکم
چاوانم کردەوە، لێم وون بوون،
هۆ هەوری سەر سەرم !!
سەرنج بە !
سۆراخی !! مەگەر تۆ کاروانمت نەبینی؟؟
- من چەتری سەریان بووم.
لێرەوە، بە نیگای شەونمی چاوانم
دەمبینین.
بەڵام ئاخ
هەر هێندەی گەیشتینە مەڵبەندی بێهەور،
هەر هێندەی گەیشتینە،
مەڵبەندێک کە من خۆم،
ناتوانم بە سەریا تێ پەرم.
هەر هێندەی گەیشتینە، سنووری بیابان.
لە چاوانم وون بوون.
لێرە بووم، کە هاتن.
بە بەرچاوی خۆمدا تێ پەڕین.
بەڵام ئاخ، تا ئێستاش
نە من و
نە هەورو
نە خۆریش
یەک شوێن پێی کاروانمان
نەدیەوە و
نازانم، هەرسێکمان
هەمان کات، بۆ کوێر بووین ؟؟

١٩٩٥/٧/١٥
یوتوبوری

# شاری پرسیار

*ئاسۆ*

شیعرێک، هەڵەبجەی زامداری
بۆ یەک دوو شەوێک گرتە خۆ.
لەناو هۆدەی ماڵی دڵیا
جێگەی بۆ گرت.
لەسەر ناسکترین برگەی،
جێی بۆ داخست.
بە پەڵکە رەنگینەی ووشەی،
ژوورەکەی بۆ چراخان کرد.
بەڵام هەڵەبجەی بەستەزمان
ساتێکیش ئۆقرەی نەدەگرت.
چونکە کاتێک کە دەیپرسی:
کام دەستە بوو،
دەرگاو پەنجەرەی ماڵەکەی
بە رووی گازی هەوا کوژدا
خستە سەر پشت ؟!
شیعری نازدار،
نەک وەڵامی نەدەداوە.
بەڵکە خۆشی لێ کەر دەکرد !!

١٩٩/٨/١٦
موسکو

*ئەم دوو هۆنراوە لە کۆمەڵە شیعری تەماڵ وەرگیراوون

# هەلەبجـــــــــە

" ئاپــە"

هەر کەس هات و
ناویکی کەی.. لینای
ملوانکەیەک ،
لەوشەی فریودەرانەی
لە مل ئالای :
تاجیکی ژەنگنینی،
هەزار سالەیان..
لەسەر نای .
وەک خوا، هەزارویەک ناویان لینای
شەهید ، ..
شاژنی نیشتیمان
خوشکی حەما
تەنیاو تەنیا؛
ناوی خۆت نا،
تا ناوی خۆت
شاری هەلچوونو خرۆشان ..
بەرنەوە لەبیرمان.
* * * *
هەر کەس هاتو
بە رەنگی جادوویی،
تابلۆیەکی کیشای:
وەک دیوجامە،
بۆ شیوانی راستی؛

تا روخساری خۆتمان
لەبەر چاوان بسرنەوە.
* * * *
هەر کەس هاتو
چیرۆکیکی نووسی:
بەسەر هاتو
میژووی بی رەنگ ،
لە دایکبوونی میرو مەلا ..
شیخ و بەگو ئاغا
هەمبانەیەکی پر درۆو
حەمدو سەنا
تەنیاو تەنیا،
میژووە خویناویەکەی خۆت نا !
شاری یاخیبوونو
خوبیشاندان ..
شاری بەرگریو کۆلنەدان ..
تابلۆی مەرگی ژیان؛
ژاراوگەی سەرمایەو
ویرانگەی شەرو ئاشتی:
ئەهریمەن و خواکان .

# کۆمۆنە

" هەژین "

من تارماییەیەکی،
تۆقینەرم
لە پرخەی تەوەزەلی ..
نا ئارامو
لەکشو ماتی شەودا،
زرینەری :
شیرین خەوی سەروەرم.
من تیکدەرم.
من دەنگی کۆمۆنەم
بۆ رزگاری بەشەر،
پەیامبەرم..
جەستەم تەزیوی، ژیر بەستەلەکی،
هەفتا سالەی سیبیریاو ..
گویم کەری،
هەراو زەنای نەزمی نوی؛
موولولەی خوین هەنجراوی،
دەم خەنجەری ئەهریمەنە
کە بە ناوی منەوە:
لەنیشتیمانو نەتەوە ئەدوی.
من گیانی شەکەتی،
کۆمۆنارەکانم ؛
هاتووەمو بەریوەم ..

تینیکیکە بە بەرداکەم،
لەدلی گەرمی کانەکانا
بژیمەوە..
بەهەتوانی ماچی،
لیوی وشک هەڵاتووی
لانەوازان؛
برینم ساریژ کەمەوە.
هاتوومو بەریوەم ..
لە تارانو بەرلین،
شیکاگۆو ئورشەلیم،
مۆسکۆو کابول،
سلیمانیو ئیستانبول،
لەنیو ریزی ..
کەناسانی تورکیەو
مەشخەل هەلگرانی ئالمان،
کارگە رانی UPSی ئەمریکاو
مانگرتووانی ئیسرائیل،
پر بە تاسەی ماچ ..
پر بە سۆزی دایک ..
پر بە ئارەزووی منالان ..
پر بە هیزی یەکگرتووی کارگەران؛
شەق لە پیرۆزی سەرمایە هەلدەم.

# انهضوا ايها السادة

ناظم حكمت
ترجمة*: فاضل لقمان

أنت يا من يشتعل بين اضلعه مصباح ادارة
بدلا من قلب يتقد اوارا !
انت ايها الفنان
يا من تبيع الفن بالكيلو
كما لو كنت تبيع الاجاص !
الارباح التي حققتها
لن تبقى بجانبك !
لو دسست رأسك في دكانك
ثم دسست دكانك تحت الأرض السابعة؛
فان نيراننا الممسكة بك
من خصلات شعرك المضمخة بالزيوت المعطرة
ستذيبك قطرة قطرة مثل احدى شمعات المقابر
ابعد يدك عن ياقة الفن
هيا ابعدها !
ابعدها !
اوزانكم ذوات الشوارب المصمغة
ما تزال تثبت نظراتها
على ليلى وهي تستحم عارية في البحرة !
ولكن اليوم
اصبحت الحان الفن الجديد تغرف
من خلال الابواق النارية في افواهنا نحن !
كفي يا مطروشات الجامع الجديد
كفى !
انهضوا ايها السادة .

استانبول ، ١٩٣٥

# الثـورة الكبرى

ناظم حكمت

ترجمة: فاضل لقمان

أربعتم كانوا أمامي .
في بحر من الدم كانوا .
أحب الدم:
لأنه
موجود في رحم أمي
وتمتلئ به سلة المقصلة...
أربعتهم كانوا أمامي.
في بحر من الدم كانوا.
لحقت بهم
ربتوا على كتفي:
تقهقر يا دانتون.
لا بد من موتك يا روبسبيير...
ليعش مارا!!
أما أنا فمع بابوف.
تجاوزتهم...
روبسبيير دانتون
بابوف مارا...
ليسوا البداية، ولا النهاية،
الناس يولدون ويموتون
ميلاد، وموت، هذه هي الحياة...

ايار ١٩٣٠

پیشکەشە بە بیسەرپەرشتانی هەڵەبە

# داستان

ئاپە

هەبوو نەبوو
شاری هەبوو
پشت شارەزوور
خوار هەورامان
ئەملا مەگر
ئەولا شرام
هەڵبجە بوو
* * * *
هەبوون نەبوون
چواران هەبوون
پارتی کەورە،
کچکەش هەبوون
( ینک ) و
( پدک ) و
حسکو مسک،
حەرەکە بوون
* * * *
هەڵۆی شاخو
یەکانەی دەشت
چەندین مانگ بوو
بۆ بەر لەشکری

بەحەوت و هەشت
دەچوونە لای
وەکیلی خودای
بۆ مۆڵەتی
چوونە بەهەشت
* * * *
شەوکت مشیر
لیزان و ژیر
لەلای ریشاو
هیرشی هیناو
بەدەستو برد
داکیری کرد
پشتی سەراو
بەر باخی میر
* * * *
حەمیدە فەنی
پارتی تمەنی
سەرلکی سیوجوار
واهاتە خوار
بە لەنجەو لار
لەکەرەژاڵ

بەرەو خـــورمـال
بـــــۆ پـیـشوازی
گـەرەک گـەرەک
کشت مالــەو مال
دیـــدار بەخـیـر
ئـەی پارتیـــــزان
ریبـــــــواری ری
کـەرەج و تـــاران

* * * *

کاکـە حەمـــەی
حاجـی مەحمـــود
عــــــەرز ئـــەدری
هەروەک گاجووت
هەر لـــــە سورین
هەتـــــا سیروان
بـه پیـــــادەری
دەست بە گۆچان

* * * *

مەلا عەلـــــی
فریشتــەو وەلـی
تەشـریـفی هینا
لـە نــەورۆلــــی
بــــەرەو کـــولان

بـــۆ بارەگـــای
ئاغـــای دیهقان
فەرمـــــانیدا
بەنـدەی خـــودا
نەجیمی نامـــار
لەگەل پاســـدار
تـــاچۆم سیروان
بەبی وچـــــان
لەناو بـــــــەرن
کۆمەلەی گـــاور
چ بـە کـوشـــتن
چ بـە خنـکـــان

* * * *

هـــاتن پۆل پۆل
ئەبابیـــــــلان
بەناپـــــــالم
کیمیا بــــاران
هەلەبجەیـــان
کـرد بـوردمـــان
کردیانه عیبرەت
بـۆ یاخیبـــوون
لـە فـەرمـــانی
بەعـس و یـەزدان

# لە بەهاریش درك ئەرزی

عبداللە سلیمان(مەشخەل)

لەسەوزەلانی بەر پێی هەنگاوی گولا
چقلی ژالە ئاسا روا
لەسیبەری لاقەبرغەی دەزو ویستە سەر شیتەکان
بارانی سەمای خەمیان برژاندە سەر دەمو چاوە سوورهەلگەراوە ماندووەکان.
سەراب ئەکەنە بەربەستی لافاوی تریشقەی دلو
فوو ئەکەنە چرای ئومێد !!
کە دل دەکەیتە قوتیلەی گولدانی خۆر بەپێچەو عەبای بیرۆکەی سەدەیەک پێش
ئاودامانی بالای ویستەکانت ئەگرن..!
کە باوەش بۆ لووتکەی هیوا والا ئەکەی
بالی هەنگاوت ئەبرن !..
ئەم دەوەنە...چقل و گولی ناوەتە سەر لەپی دەستی و
لە دومەلی بالەکانیا .. چلکی بیزاری کەف چرەو
لە حەژمەتا ئاگر لە چاوی بەرئەداو دائەگیرسی.
وەک عاشقی گر لەدل بوو
دەست بەدامێنی گول ئەگری و لەو ئەپرسی.
ئەم سروشتە .. درکی روان .. بۆ وەی گول ئازار بژەنی.
سەمای خەملاند.. بۆ وەی چەش لە دل بسەنی
چ رۆژێکە .. ئەو ساتە بی .. باخ پر گولو دوورە درک بی
ئەو رۆژە دی.. قریوەی دلو جریوەی سەمای ئاسوودەیی
وەک باڵندە بۆ خۆی بفری.

١٩٩٦/٤/٣٠
ڤانکوڤەر ـ کەنەدا

# بیرەوەرییەکانی رۆژانی جوودابیم

جمال کوشش

پیشکەشە بە هاوسەرو هاوریی ژینم ئاوازــــ

بەهەموو ئەوانەی لە هاوارمدا هاوبەشنــــ

*ئەم سەیوانانە لەتەنیشت کویسکی رۆژنامەفرۆشی پەخشانەوە هەلیانداوە*

یادیک لە مەراسیمی رۆژی ژنان - ٨ - مارس - هەولیر - ١٩٩٢ -

(١)

" ١٣ـــــــــ

١٤- عەشقو عەلاقە دەبیت ئازاد بیتـــــ چەپلە ریزانو هوتاف کیشانو فیکەو بژەو بژەــــکیژیکی قژ خۆرەتاوی، کالو لیمۆیی، داخوازییەکانی دەخوینەدەوەــــلە ئاکاریدا هەرزەو لەهاواریدا، پتەوو راوەستاو، لەنیوچەوانیدا، ئارەقو، لەمیکرۆفۆنداووشەی پرشنگدارو ئاونگی لەزار دەردەچوانـــ هۆل، گەرم داهاتبووـــپر پرــــتەق تەقـــ تەق تەق بەهەنگاوی دریژ دابەزی بەرەو دلی حەشیمەتەکەی چرایان بۆ گرتبووـــ شیعریک لەلایەن پرشنگەوەـــ گفتوگۆ لەگەل گەردە کارگەری کارگەی مافور، هاوری هەتاو، هاوبەشی هاواری هەتکی هاوسی مالیکی هەلدەویریــــ هانایەکتان دینیتە خزمەتـــ دەزرنگایەوە ... زەنگی دەدا، بە بەرزی هیزی بازووی بی ئەرزشی، هەرزە بارزانییەکان لە مەزارەکانـــسروودی "ژیلەمۆ " لەلایەن "ژیانەوە" تاویکی خۆش بردینەوە جیهانی مۆسیقاو هونەر لەکۆشی بەهارو جوانیداــــ ئەودەمەـــ زیندوو بوو، ژیایەوەـــ هارمۆنیاو هەتاوی هەناومانـــ سەرکەوت ؛ دلسۆز بە دەنگیکی پیاوانەی ئاسا گەلەیەرییەکەی بی دەنگ کرد: دوینی هاوریانی کۆمیتەی سازدانی مەراسیمی ٨ی مارس لەکاتی داکوتانی لافیتەو پۆستەرات (١) لەلایەن دەستەک چەکداری ریشنو چلکنەوە، دەست ریژی دەکریتە سەریانو سەر دەکیشنە سەر سووچی سەدەکانی ناوەراستوـــــ پارچە پەخشانیک لە درەخشانەوە : سنەوبەری ئەمبەر، ئەوبەر،سەری ریزیان فراندبووـــ بۆ دوو عاشقـــ کوردو دولبەرـــ ئیوارەبوو ـــ تەرمی کیژەیان بەرەو خۆرئاوا دەبردو کوردۆش لە دەربەندیکی نارنجیدا ـــ لەکەنار دەریایەکی سووریاوی ئاگراوی(١) حەژمەتی نەبووـــ شانۆی شەمامەکان لەنمایشی شیرینو شەوبۆـــ پیشکەش کراـــ ئەو رۆژە ژنانـــ رۆژیان بوو، ـــ بەیانی بەیاننامەی پیکهاتنیــــ بەرەو بەدیهاتنی بەرابەری بلاوکرایەوەـــ).

# رۆژی کۆمۆنەی پاریس‌و مەرگی مارکس
## ١٨ی مارسی ١٩٩٢ هەولیر

"جمال کوشش"

ـ ئەری نەیانهینا ؟...

ـ با دەرگاکە بشکینین ؟

کزەبایەکی سارد، باخەلە گەرمەکەی کچان‌و سەر لووتی من‌و لافیتەکەی، سوور کردبوو، ئەو ـ ئاگری لەچاو دەباری‌و زوو زوو جکەرەی دادەگیرساند تاکسی‌یەک وەستاو دەرگا کرایەوە، ئەویش بزەیەک، تورەبوونەکەی حەشارداو لە ئاپورەی کوریدورەکەدا... وون بوو لیم.... لەشەوقی گلۆپە زەردەکانی سەر وینەکەی مارکس... سەرنجی دەدا:.... ئازادی لەگشت هەزمونیکی سیاسی‌و ئابووری‌و فەرهەنگی،... ئازادی ئینسان لە هەر جۆرە دەسەلاتیکی سەرتر لە خۆیی‌و توانایی، ئازادی ئینسان لەپیناسەی نیشتیمان‌و نەتەوە.... ئازادی لەوەی چ کاریک دەکاو نیازی لە چی‌یەو لە پەیوەندی‌یەکانیدا، کۆتو بەند نەبی... مارکس ئەو ئازادی‌یەی لەبەرچاو بووەو لە "کۆمۆنە"شدا تاقیبی ئەم ئازادیەی دەکرد... یەکەم جاربوو، ئیرتجالی دەدواو باسیکی ئاسان نەبوو، ئەو هەروایە، کاتی خۆشەویستەکەی مرد، شەوی ناردیە خوازبینی کچە دراوسی‌یەکیان، کە دایکی شووی دووەمی کرد، ئەو تیر هەلپەری، کە نووسراوەی دەروون حزبی دەنووسی، ئیستفزازی دەکرد.... کاتی لە ئیسلامی‌یەکان جیابووەوە، یەکسەر پەیوەندی کرد بە"رەوتی کۆمۆنیستەوە".... بریاری ئەمجارەی بە تایبەت زۆر سەرکەوتوو بوو... شیعاری مانیفیست، کە مارکس زۆر نەبوو، ئومیدو ئاواتەکانی بە کریکارانەوە گری دابوو، "کریکارانی جیهان یەکگرن ! "بوو، بۆ بەدەست هینانی کۆمۆنیزم، ئەو یانی مارکس هاوپشتی کریکارانی جیهانی بە پیویست دەزانی... بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، بزووتنەوەیەکی چینایەتی جیهانی‌یەو ئەمرۆ لە کوردستان هەلی کوتایە سەر ماشینی دەولەت.... کات درەنگی کرد، کچان لە ترسی مالەوەو کوران لەحەژمەت سەرما... دەم دەم سەیری کاتژمیریان دەکردو تی‌یان دەگەیاند، درەنگە، ئەویش بەنەزاکەتەوە دەستەکانی لیکداو ئاواتیکی گەورەی بۆ هەمووان خواست ....) *

*ئەم بەرهەمە لە"ژیار، هەقوت، بۆپیشەوە، ریگای کوردستان" و هەروەها گۆڤاری بەردەستان بە چەند بەش بلاوکراوەتەوە.

# شەقامە یاخییەکان

ئاپـە

مانگەشەو هیلاکو ماندوو، بەرەو دەریا شۆر دەبووە، تا روخساری شیواوی بشوا.. تارماییەکان لەژیر پیی ریبوارانی شەقامە کۆست کەوتووەکاندا هەڵدەهاتن و، هەنگاوەکان خیراتر شەویان راو دەنا.. راوچیانی کازیوە لە پشت مۆڵگەکانیانەوە، خۆیان مەڵاس دابوو.. خۆر هەنگاو هەنگاو بەدەم کەڵدا بەرز دەبووەوەو سنوورەکانی دەبری، تا تین وتاو بداتە، جەستە تەزیوەکانی وەرزی بەستەڵەک.. هەنگاوەکان خیراترو لیدانی دڵەکان بەهیزتر.. دەستەکان گرمۆڵەو سەرە یاخیبووەکان پر ئەندیش.. شریخەی تفەنگ.. هاواریکی سەرکەش پر بەگەروی کۆڵانە برسیەکانی شار، مەرگی شەوەیان دەچری .. هەنگاوەکان ریکترو دەنگەکان هاوئاوازتر.. دڵەکان لە عیشق پاراوتر.. جەستەی گیان بەختکردوان لە ئاڵای سوور سوورتر.. مەرگ لەبەردەم شەپۆلی راپەریندا، لە بیری راوچیان لاوازتر.. خۆرو دڵی شار، لە گەورەیی و میهرەبانیدا، کیبرکییان بوو .. دەنگی ئازادی و یەکسانی، بلندتر لەدەنگی نووساوی ئەو دیوسنوورەکان، بەگورتر لە هەنگاوی هەڵپەرستانەی، حازرخۆرانی سفرە در.. لە گەرووی شارەوە، دەنگەکان شەپۆل شەپۆل.. تا ئەو دیو سنوورەکان. ئازادی لە چاوە بەقولا چووەکانی شارەوە پریشکی دەهاویشتو، لە نیگای ئاگراوی هەزاران هەنگاوی ریز بەستوو، هەزاران دەستی گرمۆڵەو پرچەک، هەزاران سەری پر ئەندیش، پر بە ئارەزووی میژوو، لە ئامیزی شورادا یەکگرتوو. بۆ چرینەوەی هاوارە تاسینراوەکانی هەڵەبجە.. بۆ نواندنی راستیەکانی پشت پەردە.. بۆ دادرینی پەردەی رەشی تاوان.. هەواڵی دهەست لەملانیی سۆزانییەکانی میژوو.. نەخشەو پلانی چەقەڵە گەرەکانی ئەو دیو سنوورو، تاژیە بەرەڵاکانی نیو شارو گورگە کەڵبە خویناوییەکانی قادسیەیان راگەیاند. سنوورەکان لە بیرا سرابوونەوە.. هیچ کەس کوردو کەس عەرەب نەبوو، هیچ کەس عیراقیو کەس میسری نەبوو، تەنیا چەقەڵو تاژیو گورگەکانی سەرمایە نەبی.. تەنیا دەستەو تاقمەکانی حاجیبوش نەبی، کە سنوورەکانیان تەلبەند دەکردەوەه. دڵی شار لیواو لیو لە عیشق لە ئازادی، یەکبوونو پاکی.. پەیکەرەی شوراش پرشکۆتر .. ((دەنگی گەلی )) گرترو لەشکرەکەی "جەمیل سەرسپی" هارتر.. سەرانی نەتەوەش بەماچی گۆنای نەوەی پیغەمبەرو نوینەری خودای، تاسەی ئەودیو سنووریان دەشکاند. میشکی ژەنگنینیان، نەخشەی کورەویکی بی ئەژمار..

نەخشەی سەرکوتی هیزی شورایی‌و، گیرانەوەی فەرمانی قەرەقوشی پادشای تیک شکاویان دەکیشا. بەدەم هەلدانی پیکی خوینی ئەویندارانی ئازادییەوە، سەرانی بەوەی چەقەل‌و پالەوانی دایکی جەنگەکان‌و حاجی‌بوش، بروسکەی پیرۆزباییان دەگۆرییەوە.. جامی شار پرو، ئاگری راپەرینی دووەم بەکلپەتر.. دیوجامەی گەل‌و نیشتیمانیش کال‌ترو شرتر.. دەنگی کریکارانی نەسیج، لە زاری " ئاراس "دا بەهیزترو خاراوتر.. دەستی مندالانی بۆیاخ چی‌و، گەداکانی شار لەسەر "زریپۆشەکان" گرمۆلەو یەککگرتوو تر.. فەروهاد سەنگاوی پر بە قورگی نووساوی کوردایەتی، لە مانگەشەو دەوەری.. پەیامی جەنگەلیی گورگەکانی، بۆ پاراستنی یەکیتی ریزە ئەفسانەییەکانی گەل‌و نیشتیمان، گویی شاری یاخیبووی دەئاخنی، تاکو بیری ئازادی ژەنگاوی کاتەوە.. تاکۆتو زنجیری سەروەری لەدەستو گەردنی شار بئالینی‌و، برسییەکان برسی‌ترو، دەولەمەندەکان دەولەمەنتر کاتەوە.. تا دەزگەی سەرکووتی پۆلیس‌و لەشکر سازبداتەوە، تا رەوایی بەکۆیەتی کریگرتە بداتەوە.. سیاچالەکانیش گەورەترو بانکەکانیش بەرزترو بەرزترکاتەوە.. تاوشەی شوراو ئازادی لە بیرەوەری شاردا رەشکاتەوە..

# یەکەم هەناسەی تاساو و دوا ئەشکی قەتیسماو

## ئاپە

کازیوە لەنیو تەم‌ومژی بەیاندا، پرچەکانی ئالۆزکاو لیوەکانی هەلبزرکابوون.. کۆترە باریکەکانی "باخی میر" لەتاو دەنگە دەنگی دوی شەوی منالانی تەرەبووی شارەکەم، ئارامیان لی برابوو.. چۆلەکە چلاوچل جریوە جریویان بوو، دەتووت هەوالی ژاراوبوونی گەنمیان پی‌یە.. خۆر لە دەم کەلی شرام، لەگەل منالە بزیوەکان چاوشارکی‌ی بوو.. دوو دل، چۆن بەتیشکە زیوینەکانی‌دا پەژارەی خۆی بهاویتە دل‌و دەرونیان.. تیشکەکانی تا دەهاتن کالتر دەبوونەوە، لەژیر باری گرانی خەفەتدا کورتو کەمتین، نەدهەگەیشتنە دلی شارەکەم سیمای شار دەتووت، شانە هەنگەو منالی چەقاوەسو، داری تی ئاژنیووە.. شۆرە بی‌یەکانی "گولان"و "بامۆک"، پرچیان شانە نەکردوو، ملیان نابوو بەلارەوە.. سەر ریگاکانی "چاوگ"و "تووەوشک" چۆل‌و، کوران چاوەری‌ی کچە تینووەکانی عیشق ناکەن .. هەنگاوەکان ویل‌و بی‌هیز.. ساتەکان نامۆ.. کۆلانەکان ئیتر، یاریگەی منالانی خۆشی نەدیوو نەبوون، دەتووت مەیدانی "مین"ن‌و ئەژنۆی ریبوارانی بی‌هیزو، هەنگاوەکانی

تیکەڵو پیکەڵ دەکـرد.. خـۆر بەدڵـەراوکیوە چـەقیبووە، ناوەراسـتی ئاسمـانی شـار.. سیبەرەکان لەخەما کورتو دەبوونەوەو دەچوونەوەیەک، لە ترسـی هیرشـی ئەهریمەنەکەی قادسیە، لەژیر هـەنگاوە نـا ئارامەکاندا خۆیـان حەشـار دابـوو.. پـۆل پـۆل ئەبابیلـە ژار هاویژەکان، بۆ ئـەنجامدانی قەزاوقـەدەر.. بـۆ پاراسـتنی سـەروەری گـەلو نیشـتیمان.. بـۆ ئەزموونی داهینانـەکانی سەرمایە.. بەرەو شارە سەرکەشەکەی میژوو، ئاسمانیان تەیکرد.. یەکـەم بۆمبـا شـەو رۆژی لـەتکرد .. زریکـەی منـداڵو وردخاشـبوونی پەنجـەرەکانی شـار، لەگەڵ زرینگانەوەی پیکی شادی سەرۆکو بەرزبوونەوەی نرخی چەکی کیمیاوی لە بـازاری چەکدا، گوی مرۆڤایەتیان کەر دەکـرد. خۆر لـە داخا، لەگـەڵ ماڵئاوایی ژیـان لـە جەسـتەی سووتاوو شیواوی هەڵەبجە، سەری خـۆی هـەڵگرت.. سـاڵ گـەراوەو، گەڵاریزانـە.. مـەرگی دارو درەخت.. لیکدابرانی ژن و بیاو.. سووتانی سـاواو پەپولە.. ژاکـانی گـوڵو خـەندە.. خنکـانی عاشقو کۆترەباریکە.. هیلی تـابلۆی "هونـەری ئەهریمەنییـە"و، لەسـەر جەسـتەی هەڵەبجە کیشاویانە.. هەواڵەکانی خۆرئاوا بوون، رایدەگەینن، مانگە دەسـتکردەکان سـەرکەوتوو بوون، لە رینـوینی ئەبابیلەکانو تۆمارکردنی سەرکەوتنـەکە. خومەینـی دەسـتی ئۆخـەی بـە ریشیدا دینـیو، سەرکردەکانی کوردیش، خەریکی ژماردنی پارەی بانـکو کیشانەی بازنی مەچەکی بووکـە جوانـە مەرگـەکانن.. دەنگـی نووسـاوی قورگـە سـووتاوەکانی "عەنـەب"، "بـامۆک"، "تووەوشـک"، "گـولان"و "شـەهیدان" پـر بـە دەنگـەژیی میـژوو هاواردەکـەنو، دەپرسن: کی لە" ئادۆلف تیبەر"* دیموکراتترە ؟.. کی لە جەنەراڵەکانی ئەسپانیا عیسایی تـرە؟.. کـی لە هیتلـەر نەتـەوە پەرسـت تـرە؟.. کـی لـە فرۆکەوانـەکانی ئـەمریکا مـرۆڤ دۆسترە؟.. کی لە سەرۆکی قادسیە بەخشندە ترە؟.. کی لە خومـەینی ئیسلام تـرە؟.. کـی لـە مەلا عوسمانو تالەبانیو بارزانیو رەسول مامەند نیشتمان پەروەرترە ؟.. ؟.. ؟..؟..؟..؟..؟..؟..

## داوەری گورگـــــأن    هەژین

شەقامەکان، چۆڵو چۆلتر... هەنگاوەکان خیراو خیراتر... مناڵانی مەینـەت، تۆقیـوو ئارامـتر.. لیـوە تینـووەکـانی مـاچی ئـازادی، لەگـەڵ هـەنگاوی ماڵئاواییو دوورکەوتنەوەی خۆر، لە ئاسمانی هیـوای میواندارانی بەسـۆز بیرەنگـو رەقـتر هـەڵدەهاتن. ژیرخانـەکانی ترسـی عوسمـانیو هیتلـەر ئـاوەدان.. هـەنگاوی پیاسـەی ئیـوارانو شەونشـینییەکان، بیهـیزو لاوازتـر..پـەراوی بیرەوەرییـەکان پەرپـەر هەڵدەدرانـەوەو، بـەراووردی دیارییەکانی "بەربەریەتی کۆنونوی " دەکرا...دانەجیرەی "کلنتونو

میلۆڤیج" سیرەی سیسرکەو، لە خامۆشی شەودا، مللە ئاسا دەماری میشکەکانی دەقرتاند. چرکە چرکی کاتژمیرەکان، لەگوێی کۆلانە زک گوشراوەکاندا، وەک لیدانی دلی نیچیریک لەسیلەی راوچیدا.. هیندەی زۆری تیراژی رۆژنامەکان لە پروپاگاندە بۆ داهینانی نوی لە پیشەسازی چەکدا.. خیراترو پر سەداتر.. چاوی ژیان بە پەژارەوە لە ساتەکانی تەمەنی دەروانیو، بەمۆرەوە رووەو رۆژئاوا ور مابوون...دەستی هانای خیر نەدیتوانی نەزمی نوی، بە ئارەزووی گوشینی مشتی گری خواردووی شەقامە خرۆشاوەکانی نیۆیۆرکو ئەسیناو مۆسکۆ...و...، ئارەزووی سبەینییەکی بی سنوورو، بیدلە خورپەیان لە بیری میژوودا دەپەروەراند. هاورەگەزەکانی شەمشەمەکویرەو قەلەرەشەو بایەقوشان، خەونیان بە راگرتنی میلی کاتژمیروە دەدی.. خۆزگەکان پرسیاری سەرەرۆی ئاخۆ سبەینی "کی لەگلکۆی کۆیلەتیدا" دەمانشاریتەوەو، کی بە خاک دەسپیرین؟.. بەگوێی سەنگینی رۆژگاردا دەدا. شەمشەمە کویرەکانی کۆشکی سپیو قەلەرەشەکانی ئیس ئیسو بایەقوشەکانی عوسمان پاشا، لە کۆشکی جادوویی "پاپا"دا خۆیان مەلاس دابوو، لەمەرگی کوکوختییەکان دەدوان.. لە پشت دەریای مەنگی نائومیدیدا، چاوەریی ئاوابوونی خۆر بوون. چاوی نائومیدیورماو لە ئەستیرە دوور دەستەکان(( ئاخ خۆزگە بەوانەی نیشتەجیی ئەوینو،دەستی ئەهریمەنەکانیان پی راناگات.. دەنگی مەرگ، ئەسپەشیی ژیان تاو دەدا، بەدوای شورە سوارو، لەدووی بەرزایی بگەری     ئاخ، مەگەر ئیوە لە ئیمە نین ؟.. بۆ بۆمبا دروست دەکەن؟.. بۆ چەکەکانتان روو لە ئیمەن؟.. خۆ ئیمە دزانی پارووی رۆژانەتان نین .. رابنو لەخواکان سیلە بگرن.. بادەستەکانمان لیک گری دەین، نەک تەنیا سنووری ئەلبان نەژادو سرب بسرینەوە،  بەلکو سیمی درکاوی سنوورەکانیش بکەینە شورەی "باخی وەحش"و، میلۆڤیچ و کلینتۆنو سەدامو خاتەمیو زورنا لیدەرەکانیانی تی پەستیوین، بۆ سەرگەرمی نەوەی نوی، رایانگرین.. تادلی هیچ منالی بەزرمەی بۆمبا دانەخورپیو، هەنگاوی لەرزۆکی بەسالاچوانیش، ئەمبەرو ئەوبەری سنوورەکان نەپیوی.. لەبری چەک، چەپکە نیرگسی بەهاری، لەسەر گلکۆی قوربانیانی بەربەریەتی "خواکانو ناسیونالیزم" دانیین.

# هونەرو ئەدەبی منالاَن

**بەشی یەکەم** **هەژین**

هەروەك سەردەمی مندالی سەرەتایەك بیت بـو ژیـان، ئـاواش هونـەرو ئـەدەبی منـدالان، سـەرەتاو بناغەیە بو هونەرو ئەدەب بە گشتی. هەر هونەرو ئـەدەبیك ئـەم بەشـەی گەشـەی نـە کردبیـت، ئـەوا بـی رەگـو ریشـە دەبیـت لـەناو کومـەلداو، نـاتوانی پـی بـەپـی گەشـەو بـەرەو پیشـەوە چوونـی کومەلگەکـە بچیتـە پیشـەوە. لـە ئاسـتیکی دیـاریکراودا دەوەستیو لەبازنەیەکی بوشدا دەسـوریتەوە، لەبـەر ئـەوەی کـەناتوانی شـوین بـە هونـەرو ئەدەبی کون لەق بکاتو، ریشـەی نوی داکوتی. بەتایبەت بـو هونـەرو ئـەدەبی کومونیسـتی، کە بریـارە وەك یەکەیـەکی شورشـگیریو سـەنگەریکی رووبـەروو بونـەوەی چینایـەتی، رەگو ریشـەی فەرهـەنگی زاڵ دەرکیشـیو، خـوی وەك ئەلتـەرناتیف لـەناو مندالدانیکومـەلگەدا گەشە بکاتو سـەوز بیت. بی ئاوردانەوە لـەم بەشـەی کومـەلگە کـە مندالانـن، وەگەشـەدان بەهونەرو ئەدەبەکەیان، ئەوا ناتوانی بەم کارە هەلسـیو هەمیشـە وەك کومـەلیك پرنسـیبو ئیدە لەهوشی روشنبیراندا نەزوك دەمینیتـەوەو لـەباردەچـن. هونـەرو ئـەدەبی منـدالان چـەند بەشـی لیدەبیتـەوە، بـەلام تایبەتمـەندی خـوی هەیـە، کـە ئـەویش پەیوەسـتە بـە جیهانـە تایبەتەکەی مندالانەوە . لەهونەرو ئەدەبی مندالان ئەتوانین ئەم بەشانە ناو بینین ١ـ چیروك:

آـ چیروکی وینەکیش، کەزیاتر تایبەتە بـەو بەشـەوە لـەمندالان، کـە هیشـتا توانـای نوسـینو خویندنەوەیان نییەو، دەکری بەهوی چیروکی کورتو سادەی واوە،مەبەستەکان لـەم بەشـە بگەیینرین.

ب ـ چیروك گەلی نوسراوەو کورت.

٢ـ هونـراوە . ٣ـ ئـوپریـت. ٤ـ فلیمـی کـارتون. ٥ـ موزیـكو سـەماو گورانـی . ٦ـ فیلمـی (ئەنیمەیشن) . ٧ـ کاریکاتورو وینەکیشان . ٨ـ شـانو . مەبەسـت لـەجیا کردنـەوەی بەشـیك لەهونـەرو ئـەدەب بـو منـدالان، دەگەریتـەوە بـو دونیـای سـاکارو سـەرەتایی مروقـی منـدال، کەبـەپـیی ئاسـتی گەشـەی بـیرو هوشـیان رادەیـەکی دیاریکراو تیگەیشـتنیان هەیـە لـە دەوروبەریان، کەئەمەش خـوی لـەخویدا شـیوازیکی تایبـەتی دەخـوازی، چ لەبـەکار هینـانی زمـانی ئاخـاوتنو چونیـەتی پـەیوەندی گرتـن لـەگەل منـدالانو تیکـەل بـوون بـەدونیا سـاکارو سـەرەتایەکەیان. مندالان سادە دەدوین، سادە بیردەکەنەوە، سـادەش لەشـتەکان دەگەن، چونکە تیکەل بەکیشە ئالوزو پـر گریو گولـەکانی ژیـان نـەبوون. گەر تووشـی هەلومـەرجیکی دژوار ببن، ئەوا لەسادەییاندا سـەریان لیی دەسورمینیو، نەزمی دونیـای منداڵیـان لیـك دەشوینی. بو نمونە چیروکی مندالان دەکری لەسـی شیوەدا خوی بنوینی:

١ـ گیرانەوەی میژوو و بەسـەرهاتەکان، بەشـیوەیەکی سـادەو لەسـەر بنەمایـەکی زانسـتیو هوش پەسـەند، دوور لەهەر خەیال بافیو ئەفسانەگەرییەك.

٢ـ لەشیوەی پرسیاردا، کەئەمـەش هـەم وەلام بیـت بـەپرسـیارگەلو، هـەم دەتوانـی لـەدوو توی گیرانەوەی رووداویکی واقیعییەوە، پرسیار ئاراستەی مندال بکری بو بزوانـدنو گەشـە دان بەبیرو هوشیان.

٣ـ لەشیوەی چیروکی وینەکیش کەزیاتر بو مندالانیك بەسوودە کەهیشتا توانایی خویندنـەوەو نوسینیان نییە.

٤ـ چیروك گەلیك کەهـەم مـروقو هـەم ئـاژەل رولـی تیـدا دەبینـنو، دەتوانـن روون کـەرەوەی دونیای ناروشـنی ئاژەلو، پەیوەندی ئاژەلو مروقو بەراووردی یاساکانی جەنگەلو کومەلگەی مرویی بەشیوەیەکی سادە بکات، کەشیاوی تیگەیشتن بیت بو مندالان. بو ئەم مەبەستە

ژیانی روژانەی منداله کریکارو زەحمەتکیش پره لەرووداوی دلتەزین‌و پرسەرنج، یان خەندە ئاوەر.

چیروك نوسی پیشرەو کومونیست، دونیایەك کەرەستەو بابەتی زیندووی لەبەر دەستدان‌و، روژانە تازەو نوی رووبەروویان دەبیتەوە. تەنیا هیندە بەسە کەبزانی چون ئەو هەویرەی (کەرەستانە) کە لەبەر دەستدان، چونیان دەشیلی‌و بابەتیکی بەپیزو دلگیریان لی‌بەرهەم دینی.

زور ئاسانە هەر هیندەی بزانی، چون مندالەکەت هیور دەکەیتەوەو، خەوی لی‌دەکەویت، چون وەلام بە پرسیارەکەی دەدەیتەوە، چون دەیخەیتە پی‌کەنین، چون ئەتوانی لەقوناغە جیاجیاکانی مندالی‌و لاوی‌دا، دەرون ناسانە بەرهەمەکانت وەلام دەرەوەبن بە دونیای ئارەزوو و بی سنوری مندالان‌و لاوان.

هونراوە: مندال بەپی‌ی سروشتی، حەزی بەبزوتن‌و دەربرینی نهینی‌یەکانی ناخی دەکات. هەمیشە ئارەزووی ئەوە دەکات کەنیشانی بدات، کەخاوەنی توانایە بو ئەمەش زورتر بەگورانی‌و لەبەر کردنی هونراوەو سەماکردن،شتەکان دەردەبری. ئەمەش بەپی‌ی سروشتی مندال‌و توانای بیرکردنەوەو وەرگرتنی، هەمیشە هونراوەگەلی سادە ماناو کورت کیش‌و بەنەزم دەردەکەوی.

ئەو هونراوانەی کەزیاتر سەرنج راکیشی مندالانن، زیاتر لەپەیوەند بەجوانی سروشت، ئارەزوو و خواستەکانیان، خوشەویستی‌یان بو کەسانی دەورو بەریان، بەتایبەت کەسانی نزیك‌و راکیشانی بەزەیی‌و پەیوەند گرتنیانەوە دەردەکەون. کەپیش وەخت موزیکی هونراوەکەی وەرنەگرتبیت‌و جوش‌و بزوتنی پی نەبەخشی‌و، نەیهینابیتە سەماو، لەگەل یاری گەلی تایبەتی کورو کومەلی مندالاندا نەهاتبیتەوەوە، ئەوا مەیلی بەلایدا نەشکاوە.

مندال هیچ کات حەزی لەوە نی‌یە وەك شاعیریك دانیشت‌و لەسەر ئاوازیکی تاقەت پروکین هونراوە بلیتەوە، بەلکو هەمیشە گورانی سادە، میلودی سادەو هونراوەی کورت‌و سادەو چەند برگە، کەزیاتر لەزمانی کوردیدا ئەتوانین لەسەر کیشی پەنجە واتە چوار برگەیی‌و پینج برگەیی‌و شەش برگەیی هونراونەتەوە. دیارە لەبەر ئەوەی کە ئاسان دەوتریتەوە، جولەو بزوتنی زیادو خیراتری لەگەل‌دا دی، ئاسان‌و سادەو شیاوی تی‌گەیشنە. ئوپریت‌و شانوو فلیمی کارتون‌و فیلمی ئەنیمەیشن، وینەکیشان دەکری بەهەمان شیوەی سادەو رەوان بەزمانیکی تایبەت مندالان دابریژریت‌و لەم ریگەوە نوسەرو هونەرمەند پەیوەندی دەگرن، لەگەل مندالان‌و، تیکەل بەدونیایان دەبن‌و پردیك بو پەرینەوە بنیات دەنریت.

وەك ووتمان دەکری کەرەستەو کەسایەتی‌یەکان کەمیك جیاواز بن، بو نمونە کەسایەتی چیروکەکان چ لەباری تراژیدی‌و چ لەباری کومیدی‌دا دەکری خودی منالان بن یان پیرو بەسالاچوان، کەزیاتر جیگەی سەرنج‌و بەزەیی مندالانن‌و، مندالان زووتر پەیوەندیان لەگەلدا دەگرن‌و هوگریان دەبن. وەیان هونراوەکان سادەو کورت‌و بەریتم، شانوکان پر بزوتن‌و شادی، وینەکان رەنگاو رەنگ‌و، رەنگ کراوەو شادی بەخش، موزیکەکان میلودی سادەو پر خروش بن، فیلمە کارتونەکان زیاتر بەسەر هات‌و داستانی منالانە بن‌و، پەیوەندیان بە پرسیارو سەرنج‌و حەزەکانیانەوە هەبیت. ئەگەر ئاوریك لەهونەرو ئەدەبی پیشرەو کومونیستی لەجیهانداو بەتایبەت بەزمانی کوردی، دەبینین مندالان زور بی‌بەشن‌و، جی‌و ری‌یەکیان نی‌یە لەم بوارەدا. ئەمەش زەمینەی خوش کردووە بومانەوەو سەوزبوونەوەی خورافەگەری‌و فریودان‌و، بەلا ری‌دا بردنی مندالان‌و کویرکردنەوەی کانیاوی بەهاری ژیانیان. ئەمە بوخوی پشت ئەستوور بووە بەفەلسەفەیەك، کە هونەرمەندان‌و ئەدەبیانی دەرباری چینە سەروەرەکان پەیرەوی دەکەن‌و، لەدەرونی مندالان‌دا سەوزی دەکەن؛ کە دەلی "دار بەتەری نەچەمیتەوە، مەگەر بەئاگر بکریتە گوچان. کەئەمەش مانای لەژیانی ئیستاو رابوردوومانداا ئاشکرایەو، ئەو پاشماوە دژوارانەی لەناخماندا بەجی هیشتووە، بۆ ل٤٦

# چارلی چاپلن

## زەردەخەنەو رقی هەژاران دژ بە سەرمایەداران

چارلی لە ١٨٨٩/٤/١٦ لە لەندەن هاتوتە دنیاوەو لە ١٩٧٧/١٢/٢٥دا لە سویسرا مال ئاوایی لەسینەماو لەشەیدایانی بەرهەمە هونەرییەکانی کردووە. چارلی هەر لە تەمەنیکی زور زووەدا، واتە هەر لە(٧) سالییەوە لەسەر شانو رولی بینیوە. لەسالی١٩١٣دا بو یەکەمین جار( mack sennett )ی بەریوەبەری هونەری کومپانیای سینەمایی ( keystone )کە چارلی دەبینی، شەیدای ئەو ئەکتەرە بلیمەتە دەبی. ئەویش لەو کاتەدا بوو کە چارلی رولی سەر خوشیکی دەبینی لە شانوگەری( Anight in a London Club ) شەویك لە کلوبیکی لەندەنیدا. یەکەمین ریککەوتنامەی چارلیو کومپانیای (Keystone ) کە بوماوەی سالیك بوو، بریتی بوو لە(١٥٠)دولار لە هەفتەیەکدا بەمەیش چارلی دەگویزیتەوە بو(هولیوود)و لەنزیك ستودیوکانی(Keystone)ەوە نیشتەجی دەبی. چارلی ئەکتەری نوی(Keystone)، لە یەکەمین فیلمی (بو دابین کردنی ژیان Making a Living)دا بەشداری دەبی لەژیر سەرپەرشتی دەرهینەر Henry Lehrman ) دا.

ئەم فیلمەی بریتی بوو لەدوکومەنتاریك لەمەر روژنامەگەرییەوە، هەندیك ترشو خوی کومیدی پیوەکرابوو و چارلیش تامرو بوو تایبەتیتی خوی پیدەبەخشی بە سمیلە سەیرەکانیو جولانەوە سەرنج راکیشو جلو بەرگە تایبەتییەکانییەوە. چارلی لەم یەکەمین فیلمەیدا تووشی چەندین گیروگرفت بوو لەگەل(لیرمان)ی دەرهینەرداو لەگەل هاوکارەکانی تریدا، بەتایبەتی(لیرمان) کەسایەتی چاپلینی زور بەدل نەبوو، بەتەواویش رقی لەسەرنجو تیبینییە بیکوتاییەکانی چارلی هەلسابوو. بەلام هەر چونیك بوو دەبوو ئەو سالە تەواو بکات تاکوتایی ریککەوتنامەکەی لەگەل کومپانیای (Keystone)دا. لەماوەی ئەو سالەدا چارلی لە(٣٥) فیلمدا بەشداری کردو فیلمەکانی بەتەواوی لەهەموو ئەمریکاو لە بەریتانیاش دەنگیان دایەوە. بەتایبەتی چارلی بەشیوەی کومیدی توانیبووی رەنگو روویەکی جیاوازو زور تایبەتی ببەخشی بەفیلمەکانیو هونەری سینەمای هەژاندبوو و بینەرانی شیتو شەیداو سەرسام کردبوو. ناکوکی نیوان چارلیو کومپانیای (Keystone) زور مەزن بوو و چیدی چارلی گەرەکی نەبوو لەگەل ئەو کومپانیایەدا بمینیتەوە، بویە پاش سالیك بیانووی زیاد کردنی کریی هەفتانەی هینایە ئاراوەو یەکسەر داوای(١٠٠٠ دولاری کرد لەهەفتەیەکدا)، بیگومان کومپانیاکەش ئامادە نەبوو پارەیەکی وازور بداتە چارلی. ئا لەوکاتانەدا،کومپانیایەکی تر (Essanay)، کەتا ئەو کاتە هەر خەریکی فیلمی کاوبوی (Westerne) بوو ریککەوتنامەیەکی لەگەلدا مور کرد بو (١٢٥٠)دولار لە هەفتەیەکدا ا.. بیجگە لەوەیش ئەم کومپانیا نوییە، چارلی کردە بەریوەبەری هونەری ئەو فیلمانەیکەخوی رولی تیایاندا دەبینی. بویە چارلی دەبوو خوری گەشی هولیوود جیبیلیو رووبکاتە ئاووهەوای ساردی (Chicago) کە ستودیوکانی کومپانیای (Essanay)لیبوو. ئیدی چارلی لە١٥ی ژانیوەری ١٩١٥دا لەشیکاگو، دەستیکرد بەدەرهینانی یەکەمین فیلمی لەگەل ئەم کومپانیا تازەیەیدا، فیلمەکەشی بەناوی (His New job کاری نویی شارلو)ەوە بوو. ئەوجا لە٢١ی ژوون(حوزەیران)ی ١٩١٥دا هەشتەمین فیلمی چارلی کە لە(Los Angels) نیشانداو بەناوی (Chanlot Appreuti work) ەوە نیشاندرا، کەلەو فیلمەدا چارلی شاگرد

بوياخچىيەك بوو و بەفلچەو سەتلى بوياخو پەيژەكەيەوە چەندين رووداوى سەيرو سەمەرەى تووش دەبى، هەموو بينەران سەرسامو شەيدا بوونو بەتەواوى دەنگى دايەوە، بەتايبەتى چارلى لەم فيلمەدا لەگەل ژنە ئەستيرەيەكى بليمەت(ئيدناپوورقيانس Edna Purviance ) دا رولى دەبينى، كەژنيكى ٢١سالان بوو و خوى كارى تايپ كردنو سكرتيرى بوو تابلىى ژنيكى بىدەنگو شەرمن بوو، كە ئەم ژنەى بينىبوو يەكسەر چارلى ئاشقى بوو بو. لەگەرمەى يەكەمين جەنگى جيهاندا بەرهەمەكانى چارلى دەگەيشتنە سينەماكانى ئەوروپاو لەوكاتەدا كەمەرگو كوشتنو برينو توپ باران ژيانى گەلانى ئەوروپاى كردبووبە دوزەخ، فيلمەكانى چارلى تاكە دنيايەكى زەردەخەو قاقاى پيكەنين بوون. تەنانەت يەكيك لەسەربازەكان لەكاتى پشوودا كە فيلميكى چارلى دەبينى دەلى: (كاتيك لە كوشتارگەكانو بەرەكانى جەنگدابووين دەمانووت دلخوشىو كامەرانى بو سەربازان مەحالەو ژيان هيچ واتايەكى نەماوە بەلام بەهوى چارلىيەوە، بەهوى سينەماوە، ئەو زەردەخەنەيەم ديتەوە ياد كە جاران لەژيانى ئاسايىداو دوور لەبەرەكانى جەنگەوە ژيان مانايەكى ناسكو پر لەزەردەخەنەى هەبوو ). چارلى هەر ئەكتەريكى سينەمايى نەبوو بەلكو لەهەمان كاتتدا نووسەرى سيناريوو دەرهينەرو بەرهەمهينو دانەرى موسيقاى فيلمەكانيشى بوو. چارلى هونەرمەنديكى هەست ناسكو لەش سووكو بير تيژو هوشيار بوو. هونەرى كردبووە ئامرازيكى دەربرينى هەستو نەستى مروقو لەچوارچيوەى پيكەنينو گالتەجاريدا، دەردو ئازارو زامى سەختى ژيانى مليونەها كريكارو رەنجدەرى ژيرسايەى سەرمايەدارى دەردەبرىو هوشيارانە هەلويستى خوى بەرامبەر ديارده دزيوەكانى ئەو سيستەمە بەربەريەى سەرمايەدارى كەژيانى كردبووبە دوزەخ لە مروقى ئەم سەر زەمينە دەردەخست. بو نمونە لەفيلمى (روشنايى شارو لەسەردەمە نوىيەكاندا) تيشك دەخاتە سەر ژيانى كريكارانو ناكوكىيەكانى سيستەمى سەرمايەدارى دەردەخات، كە چون بەهوى ستانداريزاسيون (Standarisation )ى هەلو مەرجى كارەوە كريكار كراوەتە بەشيك لەمەكينەكانى گارگەو فابريكەكانو دژ بەم شيوەو سيستەمەى دەوەستيتەوە. يان لەفيلمى (ديكتاتور)دا ئالاى خەباتو تيكوشان دژ بە فاشيزمو نازيزم بلند دەكاتەوە رووبەرووى دەوەستيتەوە.

* لەژمارەكانى داهاتوودا ئەمفيلمانەى چارلى بە سەردەكەينەوە.

*بو نووسينى ئەم بابەتە سوود لە .oct (Chronique du Cinema). 1992 Belgigue) وەرگيراوە.

ئازاد عەبدوللا

١٢ى مارسى ١٩٩٩ـ keuln

**پاشماوەى هونەرو ئەدەبى منالان** كەبەدەستيانەوە دەنالينن لەگشت هەنگاونانيكى تازەداو لەهەر بوارو لەهەر مەسەلەيەكى ژيانى روژانەماندا. ئاليرەوە دەتوانين رىو شوينى خومان لەبەرامبەر ئەو هونەرو ئەدەبە رزيوەدا، كەلەسەر بنەماى ترسو توقاندنو ئەفسانە بنيات نراوە، ديارى بكەينو، دەست بەكار بين، بو ئەوەى هونەرو ئەدەبى رەخنەگرو شورشگير بكەينە چەكو ئامرازيك، بو ريگرى لە چەمانەوەى شوولە تەرەكان.. لەكوير كردنەوەى كانياوە تازە هەلتەقيوەكان.. لەژاكانى چرو تازە پشكەوتووەكان.. لەجوانە مەرگ كردنى پەپوولە بزيوو بال رەنگينەكان.. لەخەساندنو چەمانەوەى نەوەى نوىو، لەدەستدانى هيواكانى دوا روژى مروقايەتى .

# بنووسن کە من سەرو دڵگیر بوومو نیازم وایە دوای مردنیش هەروا بمینمەوە

**هەژین**

بیرتولد بریخت "١٠١" ساڵ لەمەوبەر واتە لە"١٠" فیبریوەری "١٨٩٨" لەدایك بووە، بەباشمان زانی بەم بونەوە دەقی نوسینیك کە (ك٠ روزدار) ئامادەی کردوەو لە کوقاری(آرش)دا بلاو کراوەتەوە، وەربکرینە سەر کوردی لەیادی ساڵروزی لەدایك بوونی ئەم بیشەوا هونەریەدا.

"١٠"ی فیبریوەری"١٩٩٨" سەدەمین ساڵروزی لەدایك بوونی برتولد بریخت یەکی لەکەورەترین نووسەرانی (سەدەی بیستەمە. بەم بونەوە ئیستا لەئالمان، ئەو بووەتە یەکی لەبابەتە کرنکەکانی روز، کشت جابکراوە بەناوبانکەکان، روزنامەو کوقارو بلاوکراوە فەرهەنکیو رامیارییەکانی ئالمان، ووتاری زور لەبارەی ئەو و بەرهەمەکانی بلاودەکەنەوە. ناوەندی بلاوکردنەوەی بەرهەمەکانی (سورکامب -Surkamp)، کومەلیکی نویی (٣٠)ی بەرکی لەبەرهەمەکانی جاب کردوە، کەروونکردنەوەی دوورو دریزی لەخوکرتووە: توری تەلەفزیونی"3sat" کەبەرنامەکانی بەهاوکاری تورە تەلەفزیونەکانی ئالمان، نەمساو سویسرا بەهاوبەشی ئامادە دەکریت، لە(٦٠) بەرنامەدا، دەجینە سەر ناساندنی ئەو و شانونامەکانی. شارەزایانیك کە بریختو بەرهەمەکانی بە باشی دەناسن، لەبارەی ژیانو کارە هونەریەکانیو کارایی ئەو ووتار دەنوسنو دەربارەی کارە هونەرییەکانی، لەزور رووەوە دەکەونە قسەوباس هەر جەندە خاوەنی روانکەو جیهان بینی جیاوازن. بەلام لەیەك بابەتدا بوجوونی هاوبەشیان هەیە. بریخت رولی کرنکی لەئەدەبیاتی ئەلمانو جیهاندا کیراوە. بو ریز لینانی کورو کوبونەوە ریك دەخرین. تەنانەت سەروك کوماری باریزکاری ئەلمان "رومان هیرتسوك" بەشداری خوی لەمەراسیمی سەدەمین ساڵروزی لەدایك بوونی بریختدا، کەلە ئەکادیمی هونەری بەرلین بەربا دەکریت رادەکەیەنی. بەلام لەدەهەکانی (٥٠و ٦٠ ) (رسانەهای کروهی)دەزکا راکەیاندنەکانو سیاسەمەدارانی سیووڵاتی ئەلمانی زمانی ئەوروبایی ـ ئەلمانی روزئاوا، نەمساو سویسرا لەکەل وی بەشیوەیەکیتر رەفتاریان دەکرد. بریخت کەئەلمانیای نازی، رەکەز نامەی لی سەندبووەوە، توانی "٥"ساڵ دوای جەنکی جیهانی دووەم، واتە"١٢"ی ئەبریلی ١٩٥٠ زیرەکانە رەکەزنامەی نەمساوی بو خوی بەدەست بهینیت. سیاسەتمەدارانی ئەوکاتی ئەم سی ووڵاتە ئەلمانی زمانە بەئاشکرا بانکەوازیاندا بو بایکوت کردنی

شانونامەکانی ئەو، وەئەم بانکەوازە کاتیك بەهیز تربوو، کەدواجار بریخـت لەئـەلمانی روزهـەلاتی نیشـتەجی بوو، وولاتیك کەبیشنیاری لەتوانادا بوونی شانویەکی بو کارەکانی ئەو بیشـنیار کردبـوو سـالیك دوای مردنـی بریخت، لە ٤ی ئابریلی ١٩٥٧دا بارلەمانی ئەلمانی روزئاوا لـەبارەی بشـتیوانی نـەکردنی مـالی دەولـەت لـەو تیبانەی کەشانوکان لەدەرەوەی ئەلمان دەهیننە سەر  شـانو، کەوتـە قسـەو بـاس لـەم قسـەو باسـەدا شـالیاری دەرەوەی بیشـووی ئـەلمان (هـاینریش برنتـائو) هونراوەکـانی بریختـی لـەکەل هەلبەسـتەکانی شـاعیری نـازی (هورست قیسل) بەراوورد دەکات.  لەکەل ئەوەشدا، تیبەشانوی‌یە هاوبەیمانە جالاکەکانی شانو بجوکـەکان، دەستیان دایە دەرهینانی هەندی  لەشـانونامەکانی بریخـت. ئیسـتا کەشـەری سـارد کوتـایی هـاتووەو رژیمـی سوسیالیستی تیك رووخاوە، جـابکـراوو راکەیاندنـەکانی ئـەلمان ری‌و شـوینیکی نـوی‌ی کونجاویـان بەدەسـت هیناوە تاوەکو بریخت‌و بەرهەمەکانی جاریکی‌تر بی نرخ بکەن.  برتولد بریخت لەجیهاندا وەك دراما نوسیکی سەرکەوتوو  بەناوبانك ناسراوە، ئـەلمانیا ئـەوی لـەخوی کـردە دەرەوە، بەشـیوەیەکی لەناوبـەرو تیـك دەرانـە رەخنەی لەو کرت. ئیستا ئەلمانەکان بەبونەی یادی سەدەمین سالروزی لەدایك بوونی‌یەوە، لەبارەی "شـیوەی راز ئاسایی" لە بەیوەند بەکاروباری‌و، بەستنی بەیمانی کار لەکەل هاوکارانی‌و بەیوەندی‌یە دلداری‌یەکانی وی دەکەونە قسەوباس (هەفتە نامەی ئیشبیل)زمارە ١ی ١٩٨٨، بریخت بەوە تاوانبار دەکـەن کەبەشـیکی کەورە لەهەندی لەشانونامەکانی لەلایـەن خویـەوە نەنوسـراون بـەلکو لـەواقیعدا لەلایـەن هاوکارانی‌یـەوە نوسـراون، کەلەکەل وی هاوکاری‌و سەروکاریان هەبووەو، ئەو ئەم نوسینانەی وەك بەرهەمی خوی ناساندووە.  نـاوەروکی ئاشکرای ئەم هەراو هوریایە لەوەدایە کە ئەم تاوانانە لەلایەن ئەو زنانیکەوە نی‌یە کەسالەهایە مـردوون‌و هیـج کات لەزیانیاندا شتیکی ئاوایان نەخستوەتە روو، بەلکو لەلایەن میرات بەرەکانیانەوە کە بـەهیوای وەرکرتنـی بەشیك لە هەقی دانان "تألیف" ئەم تاوانانە دەدەنە بال بریخت. بەلام بەلکەو سەنەد هەن کە بریخـت نـاوی کەسانیك دەهینی کە  لەنووسـینی بەرهـەمیکدا هاوکاریـان کـردوە، ئـەوان هاوبـەش دەکـات لەدرامـەتیك کـە بەدەست دیت. کاری بەکومەل لەتایبەتمەندیەکانی بیرکردنەوەی دیالەتیکی‌و شیوەی کاری بریخت بوو.  بەم جورە ئەوەی کە ئەو دەینووسی لەکەل دوستانی خوی لەبەرامبەر بـیرو رای کشـتی‌دا دەیخسـتنە بـەر بـاس، تابەم جورە لەباوەری نەیاری ئاکادار بووەو کەم‌و کوری نووسینەکانی برکردووەتەوەو یان ئەوەتا کــە بـە تـەواو شانوکەری‌یەکەی کوریوە.  (خانمی ئەلیزابیت هاتیمان) یــەکیك لـەهاوکارە نزیکـەکانی، جـەند سـال بیـش، لەبارەی شیوەکاری بریختەوە ووتی بریخت ئەم کولکتیقو کاری بەکومەلی نوسینەی هەبوو، ئەو ئەیزانی

کەئەمرو شانوکەری‌یەك تەنیا کاتیك دەتوانری بنووسری کەمروق زانیاری زورو فراوانو، بازرکانی فراوانو کەرەستەو بابەتی زوریشی بو ئەم کارە لەبەر دەستدابیت. وەتەواوی ئەمانە یەك کەس ناتوانی لی‌یان بەهرەمەند بیت ئەمە باوەری ئەو بوو. ئەمرو کەس لەم بارەوە دوودل نی‌یە کە بریخت یەکیکە لەکەورەترین دراما نووسانو هونەرەران(شاعیران)ە کە زورترین کارایی لە سەر نووسەرەوانی دوای خوی دانابی. شانونامەکانی ئەو وەك شانونامەکانی شکسبیر، لەوولاتانی ئەلمان زمان لەبەرهەمی دراما نووسانی‌تر زیاتر هاتوونەتە سەرشانو بەرهەمەکانی بریخت لەهونراوەوە بکرە تاشانونامەکانی‌و نووسینی تیئوریکی لەبارەی شانوو ئەدەبیات‌و رامیاری بەزوربەی زمانەکانی جیهان وەرکیردراون. بریخت لەسەردەمە بر هەورازو نشیوەکانی زیانی‌دا، کومەلە بەرهەمیکی خولقاند کە هەندیکیان لەلوتکەی شاکارەکانی ئەدەبیاتی جیهاندا قەراری کرتووە. لەبەرهەمەکانی وی "دابیرە دلاوەرو منالەکانی"، "مروق مروقە"، "ئوبەریتی سی بولی"،"مروقی باش سجوان"، "بیشکەوتنی ئارتورو ئوتی"،"هەلاواردەو بنەما"، هونراوەی جوراو جور ووتاری وەك "بینج سەختی لەنوسینی راستی‌دا"و"دیالیکتیك لەشانودا"ئەتوانین ناو بینین. برتولد بریخت لەروزی ١٤ی ئوکستی ١٩٥٦دا مرد.

# تفەنگەکانی کاررخان

**هەژیـــن**

تفەنکەکانی کاررخان، یەکیکە لەوکارە هونەری بر بایەخانەی، کە رولیکی بەرجـاوی هـەبووە لەخـەباتو بەرەنکاری ئەنترناسیونالیسانەی بروليتاريادا. کـاتیك کـە زەنەرالـەکان بـەلاماری دەسـتکەوتو رابەرینـەکانی کریکاران دەدەن لە ئەسبانیا، ئاکری شەریکی ناوخوی هەلدەکیرسینو بو ئەم مەبەستەش ئیتالیـاو ئـەلمانیایی فاسیست بەهەموو شیوەیەك دەبنە بشتیوانی زەنەرالەکانو، وولاتانی تری ئەوروبی لەزیر نـاوی بـی لایـەنیدا دەبنـە ریـکر لـە کەیشـتنی یارمـەتیو تەقەمـەنی بـە شورشـکیرەکان. هـەروەها زوور نـالیزمی سـەرمایەداریی لەسەرتاسەری دونیادا دەکەویتە شیواندنی ناوەروکی راستەقینەی رووداوەکانو، خولکردنە جـاوی بروليتاريـا لەوولاتانی تردا. لەبەرامبەر ئەم هەولەی دەولەتاندا، بەلە کومونیستە ئەنترناسـیونالەکان، دەسـتە دەسـتە لـە ئامریکاو ئەوروباوە بەرەو مەیدانی جەنك دەکەونە ری، شان بەشانی ئەوانیش کومەلی نووسـەرو هونەرمـەندی کومونیسـتی ئـەو سـەردەمە بـەلاماری بینـووس دەدەنو، لەسـەنکەری هونـەرو ئەدەبـەوە دەسـت دەکـەن بەهەلخرانی هاوبشتی جیهانی بروليتاريا بو کریکارانی ئەسبانیا، لەبەرامبەر هیرشی زەنەرالەکان و بشـتیوانی ئیتالیاو ئەلمانیایی فاشست. برتولد بریخت، یەکیك بوو لەو نووسەرانەی کە لەسالی یەکەمی شەردا شانوکەری تفەنکەکانی کاررخانی نووسی بو تیبیکی شانوی ئەلمانی لەباریس. بریخت بو ئەم مەبەستە هاوکاریکی خـوی بەناوی "رووبیرت بوورلاو" ناردە ئەسبانیا، تا لەنزیکەوە ماتریالی بو کوبکاتەوە. بەلام هاوکارەکەی بریختیـش وەك هەمووان جوو و نەکەرایەوە، بەیوەست بوو بە بەرەی دزی زەنەرالەکانـەوە. نـاجـار بریخـت بشـتی بـە ماتریالەکانی بەردەست خوی بەست، کە لەکومەلی روزنامـەو کوقـارەوە بەدەسـتی هینـابوون. سـەرەتا نـاوی شانوکەرییەکەی نابوو " لەجوارلای بیلبائو " بەلام بیش یەکەم نواندنـی لەسـەر شـانو لـەباریس، ناوەکـەی کوری بە "تفەنکەکانی کاررخان". تفەنکەکانی کاررخان، هەلویستی بوزەتیفو نیکەتیفـی جـینو تویزەکـانی ئەسبانیایە، لەشەری ناوخودا. رولی کەسایەتی یەکانی ناو ئـەم شـانوکەرییـە، بەیانکـەری دەرکو خواسـتی تویزەکانو کارایی هەریەك لەو بیرکردنەوەو هەلویستانەیە لەسەرئەنجامی شەرەکەدا. "تـیریزا کـارر" کـە زنـە ماسیکریکی "ئەندەلوسی"یە، میردەکەی لـەرابـەریندا ئـەکوزریو هەلویسـتی دەوروبەرەکـەی وای لیدەکـات، دوای ئەوە دەست بەزیانەوە بەمانای باراستنی کورەکانی بکری. بەلام ئەمە هیج کات بەمانای ئەوە نەبووە،

کە کاررخان لایەنکری دوزمنەکانی بیت. بەلکو بیجەوانەوە تەنیا لەوەوە بوو، کە باوەری بەهیزی جینەکەی لاواز بوو بوو. ئەوەتا کاتیك کەفشاری دەخەنە سەر ئالا سورەکە بارجە بارجە دەکاتو، دوای کوی دەکاتەوە دەیخاتەوە ناو کیرفانی. بریخت زور هوشیارانە رولی کەسایەتی‌یەکاندا دادەریزیو، لە هەلبزاردنو رول بیدانینیاندا مەبەستی تایبەتی هەبووە. بونموونە هەلویستی کاررخانو"بادری" قەشەی دیکە دزی بەشداری کردن بوون، کاررخان لەبەر ئەوەی باوەری بەهیزی جینەکەی نی‌یەو، بادری لەبەر ئەوەی کە باوەری بەهیزیکی کە هەیە لەسەرووی کومەلەوەو کشت شتەکان دەداتە دەست ئەو هیزەوە. هەروەك لەوەلام بەبرسیارەکانی "بیدرو"دا دەلی: زەنرالەکان بومباران ناکەن( من تەنیا بەهەرەشەی دەزانمو هیجی‌تر) یان کە دەلی: وەکو ئەلین، کەنرال فرانکو خوی هەمیشە دان بەوەدا ئەنی، کە ئەو عیسایی‌یە !! هەروەها بریخت لەنیوان هەلویستی کاررخانو مانویلا بەراورد دەکاتو نیشانی دەدا کە هەلویستی کاررخان لەزن بوونی‌یەوە نی‌یە، بەلکو هوی تری هەیە کە لەدەستدانی میردەکەی بووە بیشتر، کە بی‌ی وایە بەم شیوە دەتوانی لانی کەم کورەکانی بپاریزی.

بەراوردی هەلویستی "ئینز لەدەمی بیریزخانەوە" وەك ماموستایەك کە دەلیت:( ئەیووت، ناتوانی ئاوا دەرس بلیتەوە، کە دووجاران دوو بینج بکاو کەنەرال فرانکوش لەلایەن خوا نیردرابی)، لەکەل هەلویستی "قەشە بادری"دابەراوورد دەکات کەدەلی: بویە بی‌دەنك دادەنیشم، ئەلیم لەوانەیە وازمان لی‌بینن، کەواتە بی‌ی وایە لەروانکەی زەنەرالەکانەوە تاوانبار تەنیا جەنکاوەرەکانو ئەم شەرە بەیوەندی بە وانەوە نی‌یە، کەدەست بە کلاوەکەیانەوە دەکرن. لەبەرامبەر ئەم هەلویستەدا هەلویستی کریکارەکە"بیدرو خاکیراز" برای تیریزا، کەلەبەرەی شەرەوە هاتووە تا جەکەکانی کاررخان بدوزیتەوەو، کورەکانیشی لەکەل خوی ببات بو بەرەی جەنك، دەخاتە روو وەك هەلویستی برولیتاری شورشکیر. دواجار بریخت لەکوتایی شانوی‌یەکەیدا، کاتیك ماسی کرەکان تەرمی " خوان" کورە کەورەکەی تیریزا دیننەوە، راستو دروست هەلویستەکان دەخاتە روو و، ئەوە نیشان دەدات کە لەدانیشتنو خو دوورکرتن ریکا جارە نی‌یەو، کەئاکری شەر هەلکیرسا ئیتر کلاویك بەسەر هیج کەسیکەوە نامینی، تا دەست بیرە بکری. بەواتایەکی‌تر، یان دەبیت بەبی دەنکیو جاو بوشی، لایەنکری لە دوزمن بکەی یان ئەوا دەجیتە سەنکەرو، خەبات دەکەی دزی جەوسانەوەو سەروەران. شایانی باسە وەرکیری ئەم دەقە شانوی‌یە، بەریز "سەرکەوت جەمال" بو ئاشناکردنی خوینەری کورد بەم هەولە شورشکیرانەیەی بریختو رووداوەکانی شەری ناوخوی ئەسبانیاو، **بـــــــــــــوڵ٥٦**

# خاتە سوور و حەمەتال

حەمەتال، بیستم لەکوردستان تەنەکە گران بووە،بوچی؟ (م.ب)
**حەمەتال:** لەبەر ئەوەی ١١ی ئاب لەکوردستان خور دەگیری، حەرەکەی ئیسلامی بو مانگ بەردان بریاری کرینی تەنەکەیان داوە.

خاتە سوور، بو لە فیستیفلی ١٩٩٩ی هەلەبجەدابةشداريت نەکرد؟ گولالە
**خاتە سوور:** لەبەر ئەوەی قورئانم دەرخ نەکردبوو.

خاتە سوور، دوای توبەکردنی خاتەمی لەسەر دەستی سەرانی دیموکراسی،هیشتا لەئیران ریزی ژنو پیاو و نورە گرتن بو نانو هیلکە جیایە؟ باوکیشارا
**خاتە سوور**: جا ئەوە چییە، ئیسلامییە مودیرنەکانی کوردستان، پاسی ژنانەو پیاوانەیان جیاکردوتەوە، بەتەمان خواردنی ژنانەو پیاوانە جیابکەنەوە.

باشە حەمە تال، سەردەمی حەمە قران لە سەید صادق چون نەکوژرای؟ فزولی
**حەمە تال:** ئەوەی راستی بیت لەسەفەر بووم، ئەگینا دەبوومە حەمەی یازدەهەمرو بەسزای گەلو نیشتیمان دەگەیشتم !!

خاتە سوور، بیستم ( Nazmi Qirix, Hewrozbaz ) لەئیستانبول گیراون، لەسەر دەرهینانو رول بینینیان لە فیلمیکدا، زور سەیرە؟ سوزان
**خاتە سوور:** کچم، بو نابیت، دیموکراسییە.. دیموکراسی !

حەمە تال، کراسی بوکینی ئەمیرە(دایانا) یان لە لەندەن بە (٢٧٠)هەزار مارك فروشراوە، ئەی تو بەچەندت کری بو خاتەسوور ؟ (ن.س.ر.)
**حەمە تال**: نەك هەر نەمبوو هیشتا گلەییم لی دەکات، بەلام ئاخو کراسی بووکینی ئەوانەی کە کراسەکەیان چنیوە، چەندە گران بیت ؟ !

خاتە سوور، بوچی(پاپ) یوهان پاولی دووەم، لەنیو شووشەدا نەبیت، ناچیتە ناو خەلك؟ گاوور
**خاتە سوور**: بو ئەوەی فایروسی گوناەو کوفر نەچیتە جەستەی پیروزییەوە!

حەمە تاڵ، ئەلین صدام (٢٧)هەزار مارك دەكاتە خەلاتی ئەوەی، كە فروكە جندوكەیی‌یەكانی ئەمریكا بخاتە خوارەوە. عەلە گۆبەن
**حەمە تاڵ**: ئاخو خوی لەدەلالانی بازاری چەك چەند وەربگری ؟

خاتە سوور، (پاپ) یوهان پاولی دووەم سی‌دی‌یەكی تومارکرد، ئەلین بریاری داوە ببیتە ئەستیرەی جیهانی موزیك‌و گورانی لەفیدیو كلوپ‌دا ؟
*زوراب*
***خاتە سوور**: لەوە دەچی بیستبیتی (٦٧%)ی منالانی ئالمانی شەرقی‌و (١٦%)ی ئالمانی غەربی باوەریان بەخواو مەزهەب نی‌یە ؛*

*حەمە تاڵ، بیستم، سالی ١٩٩٨ لەئالمان ٣٥و١٠٩ ملیون هیكتولیتر بیرە خوراوەتەوە، گوایە ٩و٢ دەرسەد لە سالی ١٩٩٧ كەمتر؟ مەستە*
**حەمە تاڵ**: كەواتە هاتوو چوی مزگەوت‌و كەنیسەو كلیساكانیش كەم بووەتەوە.

خاتە سوور، دەلین خانمی (HillaryClinton)زیاتر ٥/٤ ملیون مارك دەداتە بەو كەسەی كە بیوگرافی‌و كتیبكی لەسەر بنوسی ؟ شووشە
**خاتە سوور**: بوچی نا، دەلالانەی بومبابارانەكانی ئەم دوایی‌یەی بەغدایە، لە بازاری چەك وەریگرتووە پشتی پی‌ی نەئیشاوە ‼

حەمەتاڵ، ئەلین توركیا بو پاراستنی مافی مروق لە كوسوفو، فروكەكانی بەشداریان كردووە، لە بومبارانەكانی یوگوسلافادا؟ سەرنج
**حەموتاڵ**: ئەی هەرگ وەسەرم، گورگ دادسین بیت، ئەبی پەزەكانی مە چەیان بەسەر بیت ؟

**پاشماوەی تفەنگەكانی كاررخان** ناساندنی فاشیزم، (برولوك‌و ئیبیلوك) بیشەكی‌و باشكویەك كە بریخت بو یەكەم بیشكەشكردنی شانوكەری‌یەكەی لەسوید نووسی، لەكەل كومەلیك ووتار كە دەربارەی شەری ناوخوی ئەسبانیاو هەولەكەی بریخت نووسراون، وەركیراوەتە سەر كوردی. كاریكی وا جیگەی ریزو بیزانینە. وەركیرانی ئەم بەرهەمە بر بایەخەی بریخت، دەكەرتەوە بو بایزی ١٩٨٢، هەروەها بیش بلاو بوونەوەی لە كوقاری"درك"دا، لە شاری"ستوكهولم"و "ئوبسالا" بەكوردی لەسەر شانو بیشكەش كراوە.

# خشتەك

تێبینی: لەپڕکردنەوەی ئەم خشتەکەدا هەموو بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی لەبەرچاو گیراوون، بەپێی ڕێنووسی هەڵبژێردراوی ئەم گۆڤارە تەنیا نیشانەی "ی پیتەکانی ((ر،و،ی)) نەبێت، کە بەشێوەی((ر،و،ی) نووسراون.


## ئاسۆیی

١- ئەفسانەیەکی یونانی( ب)*
٢- بکرە .
٣- دەنگی بیتیک - شمشال بە فارسی - ڕووبار (ب).
٤- ڕێکە - کوند .
٥- نوتێکی موزیکی(ب)- دەروزە.
٦- زێر.
٧- دوزەرەوەی کیشوەری ئامریکا.
٨- ڕووبوشی بووك(ب)- جاو نەترسی(ب)- شارێکی ئێران .
٩- تیر- ناوێکی ڕومانی- کیانداریکی ئاوی.
١٠- (فەڕ)ی کلك براو- ویل(ب) - جەکیکی کون(ب).
١١- ناوێکی زنانە - کیانداریکی ئاوی .
١٢- زانا - کرەو،بەلین - بیبەر(ب).
١٣- کن دەم(بەعەرەبی)+بیتیك - دووباتی بیتیك .
١٤- دەنگی بوق .
١٥- قازییەکی نیر باز لەسەردەمی خەلیفە ئەمینو مەئموندا(ب) .

## ستوونی:

١- وولاتێکی ئاسیایی - واتا(ب).
٢- دووباتی بیتیك.
٣- شارێکی ئالمانی(ب)- دووباتی بیتیك.
٤- سکرتێری ئەنتەرناسیونالی ضوارەم (سکرتێری یەکطرتوو) کە سالی ١٩٩٤ مرد.

١٥ ١٤ ١٣ ١٢ ١١ ١٠ ٩ ٨ ٧ ٦ ٥ ٤ ٣ ٢ ١




١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ٩ ١٠ ١١ ١٢ ١٣ ١٤ ١٥

## خشتەکی ژمارە (١)

٦- نووسەرو ئەدیبی کومونیستی ئیتالی(ب).
٧- لەشیری دوای زایین دروست دەکری.
٨- سینەماکەری ئیتالی ڕیالیست(ب).
٩- ئاسمانەی دەم(ب).
١٠- وینەکیشی
١١- دووباتی بیتیك.
١٢- کەوروەبەریز (بەکرمانجی) - خەلکی موزەمبیق.
١٣- ناوێکی بیاوانەی عەرەبی - کوری برا.
١٤- ئامرازی نەری(ب)- (میر سمیر)ی شیواو.
١٥- ڕێبازی "هونەری شیوەکاری" کە بە دوای ئیمبرسیونیزمدا هات.